# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**بەرگرتن بە لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا پێویستی بەهاتنە مەیدانی بەرەی سێهەمە، پێویستی بە ئامادەیی جەماوەری و بەرەی خەڵکی خەباتکار و پێشکەوتنخوازە. پێویستی بەهاوخەباتی خەڵکی ئازادیخوازی تورکیایە لەگەڵ خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا...**

سالی پێنجەم ژمارە(100) بەرواری 15–6–2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## وتەی ژمارە

## ئەزموونی هەرێم، ئەزمونێکی شکستخواردو



ئەزموونی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەک، لەهەر بڕگە و سەردەمێکدا بە باش یان بە خراپ، ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و جۆری حکومڕانییە. بۆیە کاتێک باسی ئەزمونی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەرگیز بەمانای ئەزموونی خەڵکی کوردستان نییە. ئەزموونی هەرێمی کوردستان و ئەو قەوارەیەی ٣٠ ساڵە هەیە، ئەزموونی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبە سیاسیەکانی و دەسەڵاتەکەیەتی. هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی لەناو بازنەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، نییە، خۆی بەخاوەنی ئەزموونی هەرێم نەزانێت و بەرگری لەم ئەزموونە نەکات. ئەم ئەزموونە بەهێزترین کەسایەتی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن "پیاوی خاکی" و باوکی هەژاران" دەکاتە یەکێک لە گەورەترین ملیۆنێرەکان. گەورە سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیای گەورەکان پەلکێشی ناو سیاسەت و نیعمەتی دەستبەسەداگیراوی ئەو ئەزمونە دەکات. شێخ و مەلا بنەماڵەییە بۆماوەیەکان، دەکاتە تولفی سوشیال دیموکراسی!! کوردی. ئەم ئەزموونە قاسەو سەرچاوەیەکی لێوان لێو لەداهاتی دەست بەسەرداگیراوی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەیە. حزبە سیاسییەکان و دەستڕۆشتوەکانیان، بنەماڵەکانیان و کەمایەتیەک سەرمایەداری وابەستە بەحزبی، کردۆتە ملیاردێر و ملیۆنەر و فەراهەم کردنی ژیانێکی شاهانەی ناوازەی کەم وێنە لە ئاستی دنیادا.

هەموو حزبە سیاسیەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، بە قەومی ئیسلامیەوە، بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە سوێندی بەرگری لەم ئەزموونە خاڵی هاوبەشییانە. ئامادەن لەژێر ناوی بەرگری و بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە شەری دەستەو یەخە لەگەڵ برا کوردە ناڕازییەکانیان، کرێکار و کارمەندو موچەخۆرە برا کوردەکانیان، بکەن و خەڵتانی خوێنیان بکەن. دەڵێن ئەم ئەزموونە بەخوێن و قوربانی دان هاتۆتە بوون و هەر کەس و لایەنێک دەستی بۆ ببات پیرۆزیەکی نەتەوەیی دەلەوتێنێ و دەبێ باجی سەرەڕۆیەکەی بدات.

لەبەرامبەردا بۆ جەماوەری بەرینی کوردستان، ئەم ئەزموونە بەهۆی دەرکەوتنی ناوەرۆکە چینایەتی و سیاسیەکەی و دژایەتی ئاشکرای لەگەڵ خواست و ماف ویستەکانیدا زۆر زوو، بووە دیوەزمە، بووە غولێکی قێزەونی سیاسی، کە برینە قوڵەکانی چەندین دەهەی ژێر دەسەڵاتی سایەی بەعسی، هەڵدایەوە و خوێ ڕێژی دەکات. چۆن حزبە سیاسییەکانی بۆژوازی کورد، بەرگری لە

بۆ لاپەڕە 2

## نمایشی جەماوەری لە دژی راسیزم کۆمەڵگەی فەرەنسا دادەگرێت!




گومان لەوەدا نییە کە راسیزم تادێت پەرەدەستێنی، پەرەسەندی ئەو راسیزمە بەجیا لە گروپە راسیستەکان، خودی دەوڵەتەکان دنەی دەدەن. مەڵتی کەڵچەریزم، هۆکارێکە بۆپەرەسەندنی راسیزم، چونکە جیاکاری لەسەر بنەمای وڵات و نەتەوەو قەوم و دین و مەزهەبەکان و کەلتوری خۆیی، لە جێگای یاسای یەکسان بۆ هەموان خۆی ڕێگایەکە بۆ هەڵاواردن و بەگژ یەکداکردنی کەلتورە جیاوازەکان.

بۆ لاپەڕە ....



د. خامۆش عومەر

### سەبارەت بەهێنانەوە ئارای پرسی دەستور بۆپێشەوە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ د. خامۆش عومەر و کاکەلاو تەحسین سازداوە ... دەقی دیمانەکان لە لاپەڕە 10-11 دا دەخوێننەوە...



کاکەلاو تەحسین



## لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆچی؟

بێگومان لەپەیوەند بەو لەشکرکێشی و داگیرکاری و تاڵانیەی کەدەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان دەستی داوەتێ، لێکدانەوەو قسەوباسی زۆری لەسەر دەکرێ و بۆچونی جیاجیاش لەسەر ئەم جموجوڵ و سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا دەخرێتەڕوو. بەڵام لێکدانەوەکان هەرچیەک بن ئەم لەشکرکێشی وتالانیەی دەولەتی تورکیا دەستی داوەتێ، سیاسەتێکە دژ بەخەڵکی کوردستانە و بەشوین خۆیدا ئاوارەیی،

بۆ لاپەڕە 3



## کوشتنی ژنان و بەردەوام بوونی

پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و توندوتیژی کردن بەرانبەریان بەهەموو جۆرەکانیەوە دیاردەیەکە، ئەویش دیاردەیەکی جیهانی و تەنها لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی تر ئەگۆرێت کە ئەویش پەیوەندی بە جۆری کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە هەیە، بەڵام بە گشتی ئایین خاڵی هاوبەشی نێوانیانە. لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا ژنان تێیدا نەک هەر وەک نیوەی کۆمەڵگە سەیریان ناکرێت، بەڵکوو لە

بۆ لاپەڕە 4

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- ڕیالیزم لە هەڵبژاردنی ئامێردا........................................................ل5
- بەرێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازی کۆتایی بەدەسەڵاتی شەقاوەکان دێت...ل6



پرسی ژن ؟ ل 7







ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

ئەزموونەکەیان دەکەن و شانازی پێوە دەکەن و بە کەشتییەک وێنای دەکەن کە نوقوم بوونی، مایەی کارەساتە بۆ هەموویان، بۆ جەماوەری فراوانی کوردستانیش ئەم ئەزموونە سەرچاوەی برسێتی و گرانی و بێکاری و هەژاری و نەخۆشی و بیمافیەکانیانە، سەرچاوەی تیکشکاندنی ئیرادەی سیاسییانە، سەرچاوەی بەچارەسەرنەگەیشتنی پرسی کوردە، سەرچاوەی داوکەوتووی و پاشەوپاش گەڕانەوەی کۆمەڵگە و داروخانی سلکی خوێندن و پەروەردە، تەندروستی، بنەمای ئابوری و کردنیەتی بە کایەی وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکەیە. بۆیە ئەم ئەزموونە لە چاوێ چینی کرێکاری و بیبەشی کوردستانەوە نەک هیچ پیرۆزییەکی نییە، بەڵکو هێندە سیما و روخسارێکی قێزەونە کە ژێرەژوورکردنی خەون و خولیاو لەوەش زیاتر بەکردەوە بۆی هاتوونەتە مەیدان...

ئەم ئەزموونە بەهۆی ئەوەی کە لەناوخۆیدا ئاوا قیزەونە و بێزراوە، خاوەنی هیچ جێگا شانازییە و بەگرییەک نییە، هاوکات لە ئاستی ناوچەکەو رای گشتی جەماوەری ئازادیخواز و ئینساندۆستیشدا، بیزرار و نەفرەت لێکراوە. هەروەها تا هاتووە لە ئاستی دنیای فەرمی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەیشدا، جیگاو ڕیگای روو لە لێژی و رەوینەوەی پشتیوانیەکانیەتی. ئەم ئەزموونە نە توانیویەتی ژێرخانێکی ئابوری دابمەزرێنی و نەتوانیویەتی هەنگاو بەرەو ئایندەی سیاسی کارساز بنێ، نەتوانیویەتی ئەو شەق بوونەی لە شەری دەسەڵاتی خوێناویدا، هەرێمیان کرد بۆ دوو زۆن، یەکبخاتەوە. بەجیا لەوانەش لەهیچ زەمینەیەکدا روویەکی جوانی نیشانی دنیا نەداوە، لەزەمینەی ئازادی و ئازادییە سیاسیەکاندا، هیرش بۆسەر ئازادییەکان و ئەو پەراوێزە لە ئازادی کە لە بنەرەتدا کەشی نیمچەکراوەی سیاسییە، و بەرهەمی قوتبی نەبوونەبوونەوەی دەسەڵاتە... یەکیک لەو لایەنانەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی بەنەخشەوە لە دژی وەستاون و هەرچی لەدەستیان هاتووە لە دژی ئازادییەکان کردویانە. لە پەیوەند بەمافە فەردی و مەدەنیەکان، کە بەشیکە لە پرسی ئازادی و پێوانە بۆ رادەی ئازادیخوازی و پیشکەوتنخوازی، زۆر دڵرەقانە مامەڵەیان لەگەڵی کردووە، ئازادی فەردی بەمانای وشە یاساغ کراوە، باسێک لە مافە مەدەنیەکان نییە و هەموو مافێکی مەدەنیەیان کردۆتە قوربانی جبەی مەلا و خێڵی کەلتوری دارڕزیوی کۆنەپەرستی و ئیسلامی. نەک مافەکانی ژنان پیشێل دەکرێت، بەڵکو قوربانیانی دەستی پیاو سالاری و شەرەف، گەورەترین گۆرستانی بێناونیشانی کردۆتە گڵکۆی هەزاران ژن و بکوژانیش ئازاد و بێ لیپرسینەوە لە شەقامی دەسەڵاتی مافیاکانی پشتکردنە یاسادا، پیاسە دەکەن. یاسا، بە مەتری قڵشتی چینایەتی دەپێورێت و بۆتە حەربەیەک بەدەستی دەسەڵاتەوە بۆ سەرکوت و زیندانی بەرەی ئازادیخوازو بێبەشانی کۆمەڵگەو پارێزەری دەسەڵاتی مافیاکان و پیاوەکانیان. دوای ٣٠ ساڵ لەدەسەڵات، بەرپرسانی دزی و گەندەڵی ئاشکرا، نۆکەر پیشەکان، بازرگانە چاوچنۆکەکان کە خراپترین کاڵاو شمەک، هاوردەی کوردستان دەکەن، دەستگیر نەکراون و یاسا نەک دەستی پێیان نەگەیشتووە بەڵکو ڕاخستنی فەرشی سوری دەسەڵات، دەستی ئاوەڵاکردون و کردونیەتە قارەمانی پسپۆری بواری ئابوری و بازرگانی. لە بەرامبەردا ئەو هاوڵاتیانەی مریشکێک، دەبەیە نەوت و پارچەیەک داییبیان بردووە، قارەمانەکانی یاساو پارێزەری دەسەڵات، بە پلانی زۆر تۆکمە!! دەستگیریان کردوون لە کونجی زیندانی پارێزگاری لە ئاسایش و یاسایان!! توندیان کردوون. لە پەیوەندیەکانیاندا، داهات و دەسەڵات... مەبنا بووەو بۆ ئەو مەبەستەشیان لەجیگای پەیوەندی سیاسی و هاوسەنگ، لەگەڵ وڵات و دەوڵەت و هیزە سیاسیەکان، نۆکەر پیشەیی و خۆشخزمەتیان کردۆتە بژاردە و باسی سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردیش گوێ کەڕ دەکات.

نەبوونی هیچ ئاسۆ و بەرنامەیەک بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان و لەوەش زیاتر وەستانەوە بەرووی هەر هەوڵ و تیکۆشانێکی ئازادیخوازنەدا بۆ چارەسەری ئەو پرسە، بەڵگە ناوێت... زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی بۆماوەیی لە باپیرانەوە بۆ باوک و کوڕ و ئامۆزاکان، پەڵەیەکی رەش و گێڕانەوەی فۆرمی دەسەڵاتە لەگۆڕنراوەکانە... ئەمانەو دەیان مەسەلەی تر وایکردووە ناوەرۆکی دەسەڵاتی ئەم ئەزموونە بەجۆرێک بۆگەن بکات، کە راماڵینی ببێتە تاکە ڕیگاچارەی ناچاری. بۆیە کەس ئامادەنییە بەرگری لە ئەزموونێک بکات، کە لەلایەکەوە جەماوەری فراوانی خەڵک بەدەستیەوە گیرۆدەو هەراسانن و لەلایەکی تریشەوە جێگای دڵخوازی نەخشەی بۆرژوازی جیهانیش نییە... لە ئاستی ناوخۆی کوردستاندا، هیزی کاراو پر ئینرژی کۆمەڵگە، لە پیشیانەوە لاوان ئەم قەوارەو ئەزموونە جێ دەهێڵن و ئەگەر ڕیگری زۆر و خەتەرناک و قورس نەبوونایە، رۆشتن و جێ هێشتنی کوردستان لەلایەن لاوانەوە سەدان بەرابەری ئیستا دەبوو... رای گشتی خەڵکی ئازادیخوازی دنیا، و ناچار بوونی دنیای فەرمی و وڵاتەکان و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ پشتیوانی لەهەر ئەزموون و جوڵانەوەیەک، وابەستەیە بە ناوەرۆکی ئەو ئەزموون و دەسەڵاتەوە، ئەوەی وای کرد تاڕادەیەک دنیا بەرگری لە ئەزموونی کوردستانی سوریا بکات... مەرسومی یەکسانی ژن و پیاو، بەرگری قارەمانانە لە کۆبانی، تیکشکاندنی تەلیسمی ترسی داعش و لمۆز لەزەویدانی سەربازی داعش و هاوکارەکانی لەپێشیانەوە تورکیا، بەفەرمی ناسینی مافی هاوڵاتی بوون و لە بەشداری لەدەسەڵات و بەڕیوەبردندا... ئەو نموونانە بوون کە بەجیا لەوەی خەڵک ئامادەبوونی بەرگریان لی بکەن، کە بەبەرهەمی دەستی خۆیانیان دەزانی، هاوکات لە زۆرێک لەو وڵاتانی تری دنیاوە لاوانێک هاتن بۆ پشتیوانی بەشداری و بەرگری لێکردنی.

ئەزموونی هەریمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی لەم قەوارەیەدا بۆتە دێوەزمە و بەزۆری هیز دەستی بەدەسەڵاتەوە گرتووە، ناتوانێت تاسەر بمێنێتەوە... هەر دەسەڵاتێک متمانەی جەماوەری لە پشت نەبوو، مەحکوم بە مەرگ و راماڵینە و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش چ لە ئاستی رای گشتی و چ لە ئاستی رەسمیدا، بەرگری لێ ناکەن.. جەماوەری ئازادیخوازو بێبەشی کورستان بریاری خۆیان داوە کە بژاردە راماڵینی ئەو دەسەڵاتەیە، کۆمەڵگەی نیو دەولەتیش کۆتایی پشتیوانی خۆیان لە دەسەڵاتی ئیستای بۆرژوازی کورد، راگەیاندوە... لە هەلومەرجێکی ئیستادا پرسیار ئەوەیە ئایندەی سیاسی کوردستان و چی بەسەر دێت و ئەڵتەرناتیفی کارساز کامەیە... بەشی سێهەمی وتارە وەڵام بەم مەسەلەیە دەداتەوە...

**ماویەتی...**

**ئەزموونی هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی لەم قەوارەیەدا بۆتە دێوەزمە، بەزۆرک هێز دەستی بەدەسەڵاتەوە گرتووە، ناتوانێت تاسەر بمێنێتەوە... هەر دەسەڵاتێک متمانەی جەماوەری لە پشت نەبوو، مەحکوم بە مەرگ و ڕاماڵینە و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش چ لە ئاستی ڕای گشتی و چ لە ئاستی ڕەسمیدا، بەرگری لێ ناکەن!**

## لە بۆپێشەووە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

*** هیچ بابەتێك بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناریکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**



# لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆچی؟

نووسینی: مەهدی ڕەسوڵ

کاولکاری و تاڵانچێتی وکوشتارو نائەمنکردنی فەزای کۆمەڵایەتی کوردستانی بەدواوە بووە و دەبێ، و بەڵایەکی تری بۆسەر هەموو ئەوموسیبەتانە زیاد کردووە کەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش پێوەی گیرۆدەن. هەربۆیە دەبێ ئەم سیاسەت و هەوڵانەی دەولەتی تورکیا لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازەوە و بەتایبەتی کرێکارانی تورکیاو کوردستان و ناوچەکەوە ڕیسواو مەحکومە بکرێ و ناچار بکرێت بەوەی کەدەستی لێ هەڵگرێت.

بەڵام بۆچی تورکیا ئەم لەشکرکێشی کە لەنێوان هێزە ئیمپریالیستیەکاندا هەیە. جەنگ و کاولکاری و ئاڵۆزکردن و شێواندن و ناجێگیری سیاسی گۆشەیەکی دۆخی ئیستاو بەشێکە لەسیاسەتەکانی ئەم وڵاتانەو هێزگەلێکی ناوچەیی وەک تورکیا و ئێرانیش، تا لەئاڵوگۆرەکانی داهاتوودا پێگەی خۆیان بەدەستبهێننەوە. لەم چوارچیوەیەدا تورکیا لەهەوڵی درێژکردنەوەی پشتینەی سەوزە لەناوچەی عەفرینی سورریاوە بەقوڵایی ٣٥ کیلۆمەتر و لێگرێدانەوەی ئەم پشتێنەیە بە هەرێمی کوردستانەوە و لێرەشەوە زاڵکردنی قەڵەمڕەوی و لەراستیدا پارتی ئامادەیە بۆشەر لەدژی پەکەکا، چونکە پەکەکا بەحەریفی خۆی لەئاست بزوتنەوەی کوردایەتی و دۆخی کوردستانی سورریاو تورکیا دەزانێ و دەیەوێت هێندە لاوازو بچوک بێتەوە، تاپارتی بتوانێ نفوزی خۆی بباتە پێشەوە. بەڵام ئەوە ترسە لە خەڵکی کوردستان و رای گشتی خەڵک، کە نایەوێت ڕاستەوخۆ بچێتەپای شەڕ لەگەڵ پەکەکادا. بەم جۆرە دەبینین کە بارگرژی نێوان پەکاکا و پارتی ئەڵقەیەکی درێژکراوەی ئەم داگیرکاری و لەشکرکێشیەی دەوڵەتی تورکیایە

**خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان ئەگەر ئەیانەوێت مەترسی شەڕی ناوخۆ لەسەر خۆیان لابەرن و بیانەوێت لەدژی لەشکرکێشی دەولەتانی ناوچەکە بۆسەر هەرێم بوەستنەوە، ئەوا دەبێ خەباتی خۆیان بۆ وەلانانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی توند بکەنەوەو دەسەڵاتداریتی جەماوەری خۆیان دامەزرێنن و کوردستان لەم پاشاگەردانییەی کەتێی کەوتووە دەرباز بکەن....**

بۆسەر هەرێم فراوان و توندکردۆتەوە؟ بێگومان دۆخی هەڵواسراوی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١ و دروستبوونی "ناوچەی دژەفڕێن" بەردەوام ناوچەیەک بووە لەژێر هەرەشەکانی تورکیا و ئێرانداو بەردەوام ئەم دوو دەولەتە بەپاساوی جیاجیا دەخاڵەتی سەربازیان بردۆتە پێشەوە. ئەمجارەش دەولەتی تورکیا بۆ سیاسەتی لەشکرکێشیەکەی خۆی بوونی پەکەکای لەقەندیل کردۆتە بەهانەو پاساوێکی پوچ لەکاتێکدا ئەم سیاسەتە داگیرکاریەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەدوخی جیهانی و ناوچەکەو ململانێی هێزەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە مونافەسەو هەوڵدانی حکومەتەکەی ئۆردوگانەوە هەیە بۆ فراوانکردنەوەی نفوزی خۆی لەئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. بەتایبەتی لەبەرامبەر نفوزی ئێراندا، ئەمەش لەدۆخێکدا کە شەرو کێشەی نیوان هێزە جیهانیەکان لەوانە ئەمریکاو ڕوسیا و دەولەتانی ئەوروپا بۆ سازدانەوەی دونیاو دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز درێژەی هەیە و هێشتا هیچ ئاسۆیەک بۆ هینانە کایەوەی باڵانسێکی سیاسی وئابوری لەئارادا نییە ولەم نێوەشدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆتە مەیدانێک بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەو سراعاتێک سیاسی و سەربازی خۆی و مسۆگەرکردنی دەخاڵەتی خۆی لەئاست عێراق و ناوچەکەدا.

ئەگەرچی ئەم سیاستە داگیرکاریەی سوپای تورکیای بەردەوام بوونی پەکەکەی کردۆتە پاساو، بەلام ئەگەر سەرنج لەو هەڵسوکەوتانەی حکومەتەکەی ئۆردوغان و مامەلەیەک کە لەگەڵ، ئەمریکا، و روسیا و دەولەتانی ئەوروپاو تەنانەت مامەڵەیەک کە لەگەڵ حکومەتەکانی ناوچەکەدا دەیکات، بەڕۆشنی دەردەکەوێت کەتورکیا لەڕووی سیاسی و دیبلۆماسیەوە لەسەر هەمو پەتێک یاریدەکا و لەولاشەوە دەستی فراوانخوازی و دەخالەتی سەربازی لە ئاسیای میانە و ئازربایئنجان و لە لیبیاو فەلەستین، لەعێراق و هەرێم درێژکردووە و وەک جەمسەرێک لەبەرامبەر نفوزی ئیراندا خۆی هەڵخستوە.

لەلایەکی ترەوە خودی ئەوەی کە پارتی و حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراقیش پەکەکا تۆمەتباردەکەن و ئامادەن هاوکاری دەوڵەتی تورکیا بن، بەمانای ئەوەدێت کە هەرێم و عێراق ڕازین بە نفوزی سەربازی تورکیا لەعیراق و ناوچەکەدا، ئەوەش بۆوەرگرتنی گەلێک ئیمتیازات لەتورکیا.

بۆسەر هەرێم، کەبەهەر لایەکدا بشکێتەوە بەزەرەری ژیان وگوزەران و نا ئارامی فەزای کۆمەڵگەدا دەشکێتەوە، بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان لەدژی ئەم لەشکرکێشیەی تورکیا بوەستێتەوە، باچیتر خەڵک بێخانەو لانە نەبێت و ژیانی لێ تێک نەچێت. تائێستا کە دۆخەکە لەسەرەتای خۆیدایە، هەزارەها کەس ماڵوحاڵی لێ تێکچووەو بێکاروکاسبی بۆتەوە و ئەگەریش ئەم دۆخە درێژە بکێشێت بۆشەڕێکی ناوخۆ ئەوا موسیبەت و زیانەکانی بێسنور دەبێت.

خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان ئەگەر ئەیانەوێت مەترسی شەڕی ناوخۆ لەسەر خۆیان لابەرن و بیانەوێت لەدژی لەشکرکێشی دەولەتانی ناوچەکە بۆسەر هەرێم بوەستنەوە، ئەوا دەبێ خەباتی خۆیان بۆ وەلانانی دەسەلاتی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی توند بکەنەوەو دەسەڵاتداریتی جەماوەری خۆیان دامەزرێنن و کوردستان لەم پاشاگەردانیەی کەتێی کەوتووە دەرباز بکەن و لێرەشەوە، سیاسەتێکی حەکیمانەو ڕۆشن و شەفاف و شۆڕشگێرانە بەرامبەر بەدەوڵەتانی ناوچەکە بگرنەبەر.

١٠/٦/٢٠٢١

# درێژەی...نمایشی جەماوەری لە دژی راسیزم کۆمەڵگەی فەرەنسا دادەگرێت!

بەپێی سەرژمێریەکان و خودی دەزگا راگەیاندنە بۆرژوازییەکان، راسیزم لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی دنیادا روو لە هەڵکشانە... سیاسەتی




دەوڵەتەکان بەتایبەتی پشیوانیکردن لە رەوتە ئیسلامیەکان و بەخشینی ئیمتیازات پییان، لەبەرامبەردا دەمارگیرە نەتەوە پەرستەکان دەخاتە جوڵە بۆ ئەوەی بە رەوتە راسیستەکانەوە پەیوەست بن. هاوکات رەوتە راسیستەکان هۆکاری بێکاری و فراوان بوونەوەی هەژاری، دەگێڕنەوە بۆ بوونی پەنابەران، لە کاتێکدا بیکاری و هەژاری ریشەی لە نیزامی قازانج پەرستی سەرمایەدایەو لەم نیزامەشدا چ هاوڵاتیان و چ پەنابەران کە هاوڵاتین قوربانی ئەم نیزامە چاوچنۆکەی سەرمایەدارین... دیارە لەبەرامبەریشدا بەهەر ئەندازە راسیزم سەر بەرزدەکاتەوە، ئاواش خەڵکی ئینسان دۆست و ئازادیخواز بەدژی ئەم دۆخەدا دێنە مەیدان... ١٢ی ئەم مانگە بەدەیان هەزار کەس لەدەیان شاری فەرەنسادا بەدژی دیاردەی راسیزم و رەوتە راسیستەکان و لە پێشیانەوە بەدژی پارتی راستڕەوی فەرەنسا هاتنە مەیدان. جێگای ئاماژەپێدانە جان لویک میلانشۆ و پارتی چەپ لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بوون. لەم خۆپیشاندانەدا کە بەدژی راسیزم بوو، دیسان راستڕەوێک ئاردی پژاندە سەر سکرتیری پارتی چەپ.

جەماوەری دەیان هەزاری ئازادیخوازی فەرەنسا بەو خۆپیشاندانەیان جارێکی تر پێداگریان لەسەر مافی هاوڵاتی بوون کردەوەو نیشانیاندا کە راسیزم گۆرەپانی بۆ ئامادەنییە تا بەئارەزوی خۆی نمایشی خۆی بکات و جیاکاری قوڵبکاتەوە لەسەر بنەمای نەتەوەو دین و جیاوازی کەلتورەکان..



# کوشتنی ژنان و بەردەوام بوونی

نووسینی: ئاریز محەممەدی

ڕیزی چەندەمین دان بۆ ماف.

ژنان لەم کۆمەڵگەیانەدا بێماف ترین و هەمیشە تێیاندا هەوڵ دراوە کە ژنان بێدەنگ و دەنگ کپ بکەن، گەر ژنێکیش هەوڵی بۆ ڕزگاربوون دابێت، ئاکامەکەی کوشتن بووە. یەکێک لەو کۆمەڵگەیانە کە کولتووری ژن کوشتن تێیدا هێشتا تێیدا بنەبڕ نەکراوە، کۆمەڵگەی کوردستانە. کەلتووری پیاوەمزنی لە دەسەڵات و بنەماڵەو ناوەندە پەروەردەییەکان و نەرمکردن لەگەڵ مەسەلەی ژنان لە کوردستان ئاسان نییەو کات و کاری بەردەوامی دەوێت بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە. ئێمە پێویستمان بە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەرییە بە ژن و پیاوەوە، بزووتنەوەیەک کە بتوانێت ئامارەکانی کوشتن و برینەکان، لێدانەکان و سووکایەتییەکان نەک هەر کەم کاتەوە بەڵکوو بیگەیەنێتە سفر.

تا ئێستا زۆرمان بیستووە کە ئازادی پێشتر ئاماژەم پێکرد، هەڵقوڵاوی نێو ئایین و کلتووری دژە ژنەکانە.

کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی ناموس، وەک دیارترین و زەقترین حاڵەتی توندوتیژییەکانە کە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت. چاو لێکردنی ژن وەک موڵک و بەکەم سەیر کردنی و ئیزن پێنەدانی لە هەر بڕیارێکدا کە تەنانەت چارەنووسی خۆشی تێیدا لە گۆڕدا بێت، لە کۆمەڵگەی کوردی و لە مێشکی زۆربەی پیاوانی کورددا هەیە.

**ئێمە وەك ڕێكخراوەكانی ژنانی كوردستان ئەرك و هەوڵمان بۆ گەیشتن بە كۆمەڵگەیەكی یەكسانە دوور لە هەر هەڵاواردنێكی ڕەگەزی لە هەموو بوارێكدا. ڕێكخراوەكان دەبێت خەباتێكی یەكسانیخوازانەیان هەبێت و هەوڵ بۆ یەكسانیی ماف بدەن و بە شوێن دۆزینەوەی دەرفەتێك بن بۆ هەرچی زیاتر وشیار كردنەوەی ژنان و پیاوان لە مافە هاوبەشەكانی نێوانیان**

هەروەها گرنگترین خاڵ کە ئاییە، هۆکاری ئەم کوشتنەی ژنانن. ژنێک کە خاوەنی جەستەی خۆی نەبێت و نەتوانێت بڕیاردەر بێت بۆ ژیانی خۆی و هەروەها خۆی و فکری و بوونی قەتیس بکرێتەوە لە مشتی پیاودا، ئەوا کوشتن هەرهەمان سێبەری زاڵ و هەمیشەیی دەبێت لە سەریان.

بەپێی کات و گوزەری زەمان و لەدایک بوونی نەوەی نوێ، نکوڵی لەوە ناکرێت کە کۆمەڵگەش گۆڕانکاری بەسەردا هات. ڕاگەیاندنەکان زۆرتر بوون، دەنگ و ڕەنگی ژن زیاتر تێیدا دەرکەوت، ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان ژمارەیان زیاتر بوو. بەڵام ئایا بەپێی ئەم گۆڕانەش، گۆڕانکاری بەسەر مەسەلەی ژناندا هات؟ دەتوانم بڵێم نە و ئەوچاوەڕوانییەی کە هەمانە نەهاتە دی.

کاتێک سیستمێک بۆ بەڕێوەبەری هەیە و ئەویش لەسەر بنەمای پیاوەمزنی و دەسەڵاتی پیاوە، ژن تێیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت. پیاو هەر هەمان فەرماندەر و ژنیش فەرانبەر ئەبێت. بۆیە دەست و پەنجە کۆمەڵگە بەستراوەتەوە بە ئازادی ژن.

لێرەدا لە نێوان ۳ وشەی ئازادی و کۆمەڵگە و ژن دەبینین کە چەندین وشەی پڕ مەترسی و بڤەی وەک کەلتوور، دین و دیسیپلینە توندە کۆمەڵایەتییەکان خۆی حەشار داوە. ئەمڕۆکە کۆمەڵگەی کوردستان کە زیاتر مەبەستی منە ڕووبەڕوویە، ئەگینا بە گشتی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سێبەری ئیسلامی سیاسی بەسەرەوەیە، دەست و پەنجە نەرم دەکات لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا، دەبینین ئازادی کە چەمکێکی گرنگە، تێیدا سنووردار کراوە و ئەمەش زیاتر سەرنج ئەخاتە سەر ژن و وای لێ ئەکات لە کونجی ماڵدا بمێنێتەوە.

لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ هەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردی و زۆربەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەزەقی دیارە، ئەویش "ناموس" و "قەتلی ناموسیە". کە هۆکاری سەرەکی کوشتنی ژنان. ناموس و ناموس پەرستی، وشەیەکی بێگانە یان مەسەلەیەکی نامۆ نییە لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەهەرحاڵ ئەمەش هەر وەک ئەم کەلتووری پیاوەمزنییە ئەوەندە قووڵ و قورسە کە هەڵکەندن و لێی ڕزگاربوون ئاسان نییە و ڕۆژ لە ڕۆژان لە سووچی وڵاتێکی ئەورووپی و خاوەن دیموکراسی و وڵاتی مافەکان، دەبینین و دەبیستین کە "ژنێک کوژرا ".

جێی ئاماژەیە تەنها لەماوەی ئەمساڵدا چەندین حاڵەتی ژن کوشتن لە شارەکانی کوردستان بەدەستی خۆشەویستەکانیان، باوک و براو هاوسەرەکانیان ڕوویدا. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چەندە بیری پیاوەمزنی و ناموس پەرستی قیزەون و ترسناکە کە هەستی باوکایەتی و برایەتی و خۆشەویستی دەباتە ژێر پرسیار و لێرەدا هەردوو ڕەگەز دەبنە قوربانی..

کوشتنی ژنان، بەردباران کردن و سەربڕین و لێدان و سووکایەتی کردن بە ژنان تاوانێکی یەکجار گەورەیە و لە ژێر هەر ناوێکیشدا و بە هەر هۆکارێکیش مەحکوومە. مەسەلەی ژنان یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەیە کە بووەتە جێی باسی هەموو کۆمەڵگە جیهانییەکان و پرسێکی سەرەکی هەموو ڕاگەیاندنەکانە.

ئەمانە و سەدان ئامار و هەواڵ و ڕووداوی دیکە پێمان دەڵێت کە کۆمەڵگەیەکی خەتەر و سێبەرێکی پیاوەمزنانەی ترسناک سێبەری کێشاوە بەسەر ژن و کەسایەتی ژندا.

ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان ئەرک و هەوڵمان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانە دوور لە هەر هەڵاواردنێکی ڕەگەزی لە هەموو بوارێکدا. ڕێکخراوەکان دەبێت خەباتێکی یەکسانیخوازانەیان هەبێت و هەوڵ بۆ یەکسانیی ماف بدەن و بە شوێن دۆزینەوەی دەرفەتێک بن بۆ هەرچی زیاتر وشیار کردنەوەی ژنان و پیاوان لە مافە هاوبەشەکانی نێوانیان. هەروەها لەبەر دۆخی تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمووان دەیزانین، دەبێت ئێمە وەک ڕێکخراوەکان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینە مەکۆی خەبات و بەرەوپێش بردنی ئەرکەکانمان.

دەبێت ئێمە لە دووبەشی کوردستان و ئەورووپا، چالاکانە چالاکیەکانمان بەرەو پێشەوە ببەین. مەبەستی سەرەکیمان بردنەسەرەوەی وشیاری کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان لەسەر مەسەلەی یەکسانیی ڕەگەزی بێت. هەروەها ڕێکخستن و پشتیوانیکردنی بزووتنەوەکانی ژنان و ڕێکخراوی تایبەت بۆ ئەو کارە لە ناوخۆی کوردستان، هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی شوێنێکی تایبەت بە ژنان لە کاتێکدا لە مەترسیدان و هەروەها ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی ژنان لە شوێنەکانی دیکەی دنیا لەو زوڵم و ستەمەی لە ژنانی کوردستان دەکرێ و بە گشتی بەهێزکردنی خەباتی ژنان لە کوردستان، دەبێت ئەرکی ئێمەی ڕێکخراوەکان بێت.

ئێمە دەبێت هەموو کات دژی هەموو ئەو ستەم و ناعەدالەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە بوەستینەوە کە جیا لە کاریگەریی خراپیان لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی، کاریگەریی خراپیان لەسەر دۆخی ژنان و زەوتی مافەکانیان دەبێ و ئاکامەکەشی زیاتر بوونی هەواڵی کوشتنی ژنانە لە هەر شار و سووچ و شارۆچکەیەکی کوردستان...

**خودی ستەمكێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و كردوویەتیە یەكێك لە كۆڵەكەكانی پەیوەندییە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەكسانی و بێمافیەكانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی كۆن و میراتی فیكری و كەلتووریی نیزام و كۆمەڵگە كۆن و لەناوچووەكان و پەیامبەران و دیانەتەكانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ ...**

# ڕێئالیسم لە هەڵبژاردنی ئامێردا

## نووسینی: کای کۆهلەر
## وەرگێڕان؛ رامیار ڕەزایی



لە ئاگوستی ١٩٥٦ برتۆڵت برێشت مرد. لەو دەمەوە زۆرجار مردنەکەیان ڕاگەیاندووە. دیالێکتیسییەنی bb13_k ماندووکەرە، ئامێرە شانۆییەکانی ئەو ئیتر جێگایان لە مۆزەخانەیە، و میراتگرە ترسنۆکەکانی ڕێگر دەبن کە دەرهێنەرەکان بە ئازادی شانۆیەکانی دەکار بکەن. ڕەنگە بەم هۆیەش بێت کە بەرهەمەکانی ئەو لەلای بینەرانی سەرکەوتوو ماونەتەوە. لە سالیادی لەدایکبوونی، سالی ١٩٩٨، بە ئاشکرا بە دەربڕینی نیگەرانی فێمێنیستی، لە چەوساندنەوەی ژنان پەیڤ هاتە گۆڕێ. بێبەختییان ئەوە بوو کە برێشت هەردەم ناوی ژنە هاوکارەکانی خۆی هێناوە. بەڵام ئەوەی کە ناکرێ کاری یەکلابکرێتەوە، دەزگای بورژوایی بە یارمەتی ژیانێکی ساختە، ئەو داگیر و لەخۆیدا هەرس دەکات. ئاوا بوو کە ئەو ڕووخسارانە سەریان وەدەرنا: برێشت، داهێنەری گشت ئامێرە مۆدێرنەکانی شانۆ، کە بە ڕامیاری و بە تایبەت بە مارکس کەمترین سەرنج و بایەخی نەدەدا؛ و برێشت، یەکێک لە قوربانیانی DDR کە بەرلینەر ئەنسەمبلیان (Berliner Ensemble)تەنیا لەبەرئەوە بۆ ساز کردبوو کە ناسەرکوتوو بمێنێتەوە و بەس کارەکانی سەرۆکەکەی چێ بکات.

ئەم جۆرە دەست بەسەرداگرتنانەی شانۆنامەکانی برێشت کارا نیین. هێندێک لەوانە بەشێک لە بەرنامە هەمیشەییەکانی شانۆکانن، هێندێکیشیان جارجار بەرچاو دەکەون، هێندێکیان دەگمەن دێنە سەر شانۆ یان هەرگیز نایەن. »ڕۆژەکانی کۆمۆن « یەکێکن لەو گرووپەی کۆتایی کە لە ١٩٤٩ نووسراوە و بۆ دوایین جار سێ مانگ دوای مەرگی برێشت، لە ١٧ نۆڤەمبری ١٩٥٦ لە کارل–مارکس–ستات بە دەهێنەری بەنۆ بەسۆن (Benno Besson) و مانفرێد ڤەکڤێرت(Manfred Wekwerth) هاتە سەر شانۆ.

ڕووداوەکانی شانۆ لە ژانویەی ١٨٧١ دەست پێدەکا و هەتا شکستی کۆمۆنی پاریس لە ٢٨ مەی ١٨٧١ درێژەیان هەیە. خەڵکی پاریس لە کۆتاییەکانی شەڕی ئاڵمانیا و فەرەنسا ١٨٧٠/٧١ تێدەگەن کە باری ئەو شکستە دەکەوێتە کۆڵی خۆیان و بۆرژوازی سوود لەوەش دەبات. پاسەوانی نەتەوەیی وەک هێزێکی ئامادەباشی کۆمەڵانی خەڵک دەست بەسەر ئەو تۆپانە دادەگرن کە سوپا دەیەوێت بۆ دەرەوەی وڵات ڕایان گوێزێت. شۆڕش لەناو شار دەسەڵات دەگرێت، بەڵام پاشماوەی هێزەکانی دەوڵەت لە وەرسای کۆدەبنەوە.

لە کاتێکدا کە شۆڕشگێڕان شاگەشکە بوون و بێسنوور لە سەرکەوتنی خۆیان دڵنیان، و دەست بە بەدیهێنانی ئیدەئاڵەکانی خۆیان دەکەن، دژەشۆڕش خۆی چەکدار دەکات. ئاڵمان کە لە شەڕدا سەرکەوتووە، دیلە فرانسییەکانی خۆی لە ناوچەکانی دەرەوە شارەکان ئازاد دەکا و لە دژی کرێکارانیی شاری هان دەدرێن و ئامادەسازی دەکرێن. دەسەڵاتدارانی ئاڵمانیا و فەرەنسا شەڕیان لە دژی یەکتر کردبوو و دەیان هەزار کەسیان لە یەکتر کوشتبوو، لێ ئەوکاتەی کە پرسی بەرەنگاریی شۆڕش سەرهەڵدەدات، پراوپڕ هاوڕان. یەکێک لە گرووپە هاندراو بە پرۆپاگەندەی پڕ لە نەفرەت، شەقام بە شەقام دەست بەسەر پاریسدا دەگرن و هەزاران کۆمۆنار دەگرن و دەیانکوژن.

برێشت لە چواردە پەردەدا ماڵباتێک پێشان دەدات کە لەگەڵ شۆڕشگێڕانن و لە گۆرانە سیاسیەکانی کۆمۆندا بەشدارن. پێکڕای ئەوە، شانۆیەکە نیگا دەخاتە سەر ڕێبەرایەتی شۆڕش و لە بەرامبەردا لە هێندێک پەردەشدا نیگا دەخاتە سەر ڕێبەرایەتی دژەشۆڕش. هیچ گرژییەکی دراماتیک بە واتای تەسک و سنووردارەکەی لە گۆڕێ نییە. ئاراستەی ڕووداوەکانیش لەسەر هێڵی کاتبەندی خۆیانن و ژێدەرکانیشیان دڵنیا و پشت قایمن، بەڵام بۆ توێشوەوانێک کە ئامادەیی پێشینەیی نییە، ڕاگرتنی نیگای تێکڕایی بە گشتی دژوارە. هاوسۆزی لەگەڵ ژیانی کەسەکان و تاکەکانیش، پراوپڕ شێماتیک و بەبێ وردەکارییەکان دەناسێندرێن، بەدژواری دەتوانێ بینەر دڵکێش بکات، بەڵکو ئەو دڵبەستەییە تەنیا دەتوانێ لە پرسیارە سیاسییەکانەوە داچۆڕێتەوە کە لە شانۆی بەرباسدا جێگیر دەکرێن. تەوەرەکە ئەوەیە کە چۆن دەشێ شۆڕشێک بکەی کە سەرکەوتنی مسۆگەر بێت.

لەم سۆنگەیەوە، برێشت بڕگەیەکی سەبارەت بە هەڵەکانی کۆمۆنی پاریس نووسیوە، کە لەمەوە دێت کە لەو ساتانەی کۆمۆنی پاریس زیاترین هێزی هەبوو و بورژوازی دوژمنیش لە وەرسای لە لاوازترین واری خۆیدا بوو، هێرشی نەکردە سەری، بەڵکو لە کۆششی دۆزینەوەی چارەسەرییەکی ئاشتیانەدا بوو. کرێکارێک دەڵێت »ئەگەر کاتمان هەبووایە!« و لانژەڤینی (Langevin) نوێنەر کە زۆرینەی جار وتەبێژی برێشت خۆیەتی، بە سەرنج کێشانە سەر شکستێکی بەزووی دەڵێت «بەڵام خەڵک هیچ کات لە کاتژمێرێک ئەملاتر کاتی نییە. ئامان ئەگەر ساز و ئامادە، پۆشتە بە هەموو چەکەکان خۆی نەگەیەنێتە مەیدان».

لەم خاڵ و بەندانەدا دەردەکەوێت کە برێشت مەبەستی گوتنەوەی وانەی مێژووی نەبووە. لانژەڤین بە تەمایە بە خۆشی ئازادیی تەواو بخواتەوە، بەڵام خۆی دەبوێرێت: »من بە خۆشی ئازادی ناتەواو دەنۆشم«، چونکە تەنیا ئازادی ناتەواو دەگات بە ئازادی تەواو. ئازادی تەواو بۆ دژەشۆڕشیشە. پرسەکە ئەمەیە کە دەشێ «هەتا گەیشتن بە ئازادی گشتگیر، لە ئازادی تاکەکەسی چاوپۆشی بکرێت».

لانژەڤین لە وەڵامی ئەو بۆڵەیە کە مرۆڤ نابێ دەستی بە خوێن سوور بکات، دەڵێت: »لەم شەڕەدا یان دەستی خوێناوی هەیە یان دەستی بڕدراو.« دواتر، لە یەکێک لە جڤینەکانی کۆمۆن وتاربێژەکان دەبێ پەرچەکردیان بۆ گازندەکانی بیسەران پێشان بدەن، بۆ میناک بەم شێوەیە: »ئێمە هیچ دەوڵەتێکمان ناوێ، چونکە سەرکوتمان ناوێت. .«هەڵبەت درووستەکەی ئاوهایە: »دەوڵەتی ئەوان یان دەوڵەتی ئێمە. «یان بە گوێرەی ئینجیل: »ئەو کەسەی کە شمشێر دەکێشێ، بە شمشێر دەکوژرێت. «پرسیاری بەرامبەریشی: »ئەی ئەو کەسە کە دەست بۆ شمشێر نابات؟«

**دۆسیەی گیراوەکانی بادینان ریسوایی دادگا و دادگای پێداچوونەوەی خستە ڕوو... لە ئێستادا ئەم دۆسیەیە بووە بە کەیسیکی تر بۆ ململانێ نێوان دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بەرەی ئازادیخوازی کوردستان... هەروەها بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرووی دادگا و دادگای لێپێچینەوە، کەئامرازی دەستی حزبن بۆ پاراستنی دەسەڵات و ترساندنی دەنگە ئازاد و ئازاو ئازادیخوازەکان، بەشێکی لێکهەڵپێکراوە لەگەڵ بزوتنەوەی فراوانی جەماوەری بۆ کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتەی تۆبەکەی تەنها مەرگە. ئازادبوونی گیراوەکانیش لەدرێژەی نارەزایەتی فراوانی جەماوەری و گوشاری بەرەی ئازادیخوازیدا، بەمانای سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە لە راستای خواستی رامالینی دەسەلاتدا، بۆیە پێویستە بلۆکی ئازادیخوازی کوردستان بەردەوام بن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای سزادراوان وئازادکردنی سەرجەم گیراوەکانی بادینان**

# بەڕێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازی کۆتایی بەدەسەڵاتی شەقاوەکان دێت



نووسینی: عبدالرحمن رەسوڵ

شەقاوەکان بەوە ناسراون کە حیساب بۆهیچ یاسایەک ناکەن کە نرخ و بەهای ئینسانی بپارێزێت و هەرگیز ڕەچاوی مافەکانی مرۆڤ ناکەن، هیچ ڕێنمایی وپێشنیارێکیش گرینگی پێنادەن ئەگەر لەسەدا سەد دەسەڵات و بەرژەوەندی شەقاوەییان نەپارێزێت و گەشەی پێنەدات، هیچ جۆرە ڕەخنەیەک نەک قبوڵ ناکەن، بەڵکو هەبوونی ڕەخنە بەمەترسی لەسەرخۆیان دەزانن، هەر لەبەرئەمەشە ڕەخنەگران بەدوژمنی سەرسەختی خۆیان وبەرژەوەندییەکانیان دەزانن. خودی هەبوونی ئازادیش تا ئەو شوێنە ڕێگای پێدراوە کە بەرژەوەندی و دەسەڵاتی شەقاوەییان بپارێزێت. دەرئەنجامی ئەمە هەر جوڵە و فشارێک لەلایەن دڵسۆزانی کۆمەڵگەوە بۆسەر دەسەڵاتی شەقاوەییان هەبێت بەو ئامانجەی کە سنوورێک بۆ گەشەی هێزی شەقاوەییان دابنێت ئەم جۆرە هێزە بەڵتەچی و شەقاوەییە لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی شەقاوەییدا وێڕای سەرکوتکردنی بەهەر جۆرو شێوازێک بۆی بکرێت درێغی ناکات لەهەمانکاتیشدا لەناو کۆمەڵگەدا پڕوپاگەندە دەکات کە ئەو جۆرە فشارەی لەکۆمەڵگەوە لەسەرییانە ئەوە هێزی خەڵک نییە، بەڵکو دەستی دەرەکی و دوژمنان و ئاژاوەچین دەیانەوێت کۆمەڵگە تێک بدەن و وێرانی بکەن. زۆرجاریش ئەم پڕوپاگەندانەی هێزی میدیایی شەقاوەکان کاریگەری سلبی و خراپی و نەرێنی خستۆتە سەر بەشێک لەدەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە. لەهەمووی خراپتر کاریگەری ئەرێنی خستۆتە سەر زەهنێت و بیرکردنەوەی بەشێک لەڕۆشنبیران و نوسەران و ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان و کەسانی سیاسی لەوەش خراپتر کاریگەری نەرێنیَ وخراپی خستۆتە سەر کەسانی کۆمۆنیست وشیوعی و ئازادیخوازو یەکسانیخوازانی کۆمەڵگە کە هەر بەشەو بەجۆرێک دیسان سیاسەت وچالاکی لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی شەقاوەکان درێژە پێدەدات. ئەم هێزانە لەبەرئەوەی کاریگەری ئەرێنییان نییە لەڕێکخستنی کۆمەڵگە و ئاراستەکردنی دا بەئاراستەی بەرژەوەندی و سوودی هێنانەدی مافەکانی خەڵکی کرێکارو هەژارو زەحمەتکێش و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە بەرەڕووی پێشکەتنخوازی و ئازادیخوازی ویەکسانیخوازیدا. شێوازی پڕوپاگەندەی دەسەڵاتی شەقاوەکان جۆراوجۆرە لەهەر بەش وچین وتوێژێکدا بەجۆرێکی لێزانانەو وشیارانە پڕوپاگەندە دەکات بە ڕاوێژ لەگەڵ کەسانی شارەزا لەتێکشکاندنی ئیرادەی تاکدا وەک مرۆڤ کە لە هەنگاوەکاندا تەسلیم ببێت و بەهۆی کاریگەری پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندنەکانییەوە ئەم تەسلیم بوونەش بۆ زیاتر چەمانەوەبێت بۆ یاساکانی شەقاوەیی و سیستەمی کۆنەپارێزی وچەوسانەوەیان. کەئەمەشیان زۆر ڕوون دیارە ساڵ لەدوایی ساڵ کۆمەڵگە بەرەو کۆنەخوازی وجەهل و بێمافییەکان دەگێڕنەوە وهەرچی سیمای جوانییەکانی مەدەنییەت و شارستانیەتە لەناوی دەبەن یان دەیشێوێن، لەمەیاندا بەقۆناغ بەندی بەپێی بەرژەوەندی دەسەڵاتی شەقاوەییان و شەق وەشێنەکانیان درێژەی پێدەدەن. هەر بۆهۆی ئەم جۆرە کاریگەرییە نیگەتیڤی وخراپەوە ئیرادەی تاک لاواز دەبێت وتەمەنی دەسەڵاتی شەقاوەیی درێژتردەبێت.

لەزۆرێک لەوڵاتەکانی سیستەمی سەرمایەداری بەگشتی و سیستەم ودەسەڵاتە قەومی و دینییەکاندا زۆربە ئاگاییەوە کار لەسەر گەشەی دەسەڵاتی شەقاوەییان دەکەن. نموونەش وەک ئێران، عێراق، کوردستان، تورکیا و سووریا و یەمەن و ئەفغانستان و ...هیتد. بۆئەوەی بەرژەوەندی سەرمایەو مەعنەوەییان بپارێزن، لەڕاستای ئەمەشدا ڕاستەوخۆ بەهاوکاری دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانی کە پشت و پەنای ئەم جۆرە دەسەڵاتە شەقاوەییانەن لەپێناو پاراستنی ماددی وسیاسیدا، بەڵام ئەم دەسەڵاتە شەقاوەیەش هەتا هەتایە درێژەی نابێت، بەڵکو تەمەنی بەندە بە گەشەی وشیاری تاکی چەوساوە بۆ ڕێکخراوبوونی لەبزووتنەوەی چینایەتی خۆی دا. مایەی دڵخۆشییە سەربارەی ئەو هەموو میدیا و ڕاگەیاندنانەی دەسەڵاتی شەقاوەکان بۆ پاراستن وگەشەدانی ملهوڕییان بۆ دزی وچەوسانەوە، بەڵام گەشەی وشیاری چینایەتیش هەنگاو بە هەنگاو سەرلەقۆزاغی هێلکەدانی چەوسانەوە و ئازارەکانی دەردەهێنێت. ئەگەرچی پڕشوبڵاوە، بەڵام ئومێدی کۆکردنەوەش بۆ زریان و گەردەلولی شۆڕشی چەوساوەکان بەندە بەگەشەی وشیاری ڕێکخراوبوونەوە و دەرکەوتن و لەدایکبوونی لەهێلکەدانی ڕەوتی شۆڕشگێڕیی دا.

خۆشەویستانی خوێنەر دوو ڕووداوی گرینگ ڕوویی داوە لەم هەفتەیەدا کە هەردوو ڕووداوەکە نیزیکن لەڕووی ململانێی چینایەتییەوە کە ئەتواندرێت ئاگایی چینایەتی پێ بچێتە پێشێ و هەنگاو بندرێت بۆ گەشەی هاتنە کایەوەی شۆڕشی چینایەتی لەناو بزووتنەوەی جەماوەریدا، بەمەرجێک ئاراستەی ڕێکخراوبوونی جەماوەری لەخۆ بگرێت. لە ڕۆژی ١٢/٦/٢٠٢١ مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەپارێزگای زیقاری عێراق ڕووبەڕووی کاردانەوەو تورەی خۆپیشاندەران بووەوە کە سەردانی کردبوون، کۆمەڵێکی زۆرلەخۆپیشاندەران بەردبارانی کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی کازمیان کرد لەسەر ڕێگای چوونە ناو شاری زیقار، ئەمەش هەوڵێکە بۆ دەربڕینی تورەیی خۆیان لەدۆخی شارەکەیان دژی کازمی لەسەردانەکانییدا بۆ پارێزگاکانی باشووری عێراق، کازمی سەردانی خانەوادەی دوو قوربانی کرد، یەکیان ناو هێزی حەشدی شەعبی بوو، ئەوی دیکەشیان لەکاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ڕابردوودا بریندار بوو بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا، هەرچەندە مستەفا کازمی ئەو سەردانەی لەمیانەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە، بەڵام لەیەکەمین سەردانی ڕووبەڕووی کاردانەوەی جەماوەری بووەوە، ئەو بەردبارانەی کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆک وەزیران لەلایەن خەلکەوە نیشانەی گەشەی وشیاری چینایەتی خەڵکی عێراقە لەئاست دەسەلاتدارە شەق وەشێن و شەقاوەکانی فەرمانڕەوادا. خەڵک نایەوێت چیتر گوێ لەقسەو بەڵێنی فرێودەرو درۆزنانەبێت. ڕۆژی شەممە١٢/٦/٢٠٢١ بەهەزارەها خۆپیشاندەر لەسەرجەم شارەکانی فەڕەنسا بەیەکەوە لەتێکۆشانێکی یەکگرتوودا هاتنە سەر شەقامەکان. بەیەکەوەبەڕێگاوە بەرەو زیاتر هێنانەدی ماف و ئازادی دژی کردەوەو یاساکانی فاشیزم و ڕاست ڕەوەکان هاتنە سەر شەقامەکان، بەگوێرەی زانیارییەکان کە زیاد لە ٧٥ هەزار هاوڵاتی فەرەنسا لەهەمو شارەکان هاتونەتە سەرشەقام دژی پارتی ڕاستڕەوی فەرەنسا، لەخۆپیشاندان وناڕەزایەتی دا بەبێ ئەوەی هیچ ئاژاوەیەک بنێنەوە و هەروەها هەموو جۆرە خەڵکێک بەگشتی وخەڵکی بەتەمەنە بەشدار بوون. هەروەها جان لویک میلانشۆ و پارتی چەپڕەو لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندا بوو. هەربەهۆی ئەوەی کە لەپێشەوەی ناڕەزایەتییەکاندا بوو کەسێکی ڕاستڕەو ئاردی کرد بەسەر سکرتێری پارتی چەپ جان لویک. ئەمەش وەک گاڵتەپێکردن پێی.

ئەزیزانی خوێنەر ئەمە بەراوردکردنی کۆمەڵگەی عێراق بە کۆمەڵگەیەکی ئەورووپی وەک فەڕەنسا نییە. قسەی من ئەوەیە کە ڕێڕەوی تێکۆشانە ڕاستەقینەکە بۆ هێنانەدی ماف و ئازادییەکان کە مرۆڤەکان وەک مافێکی سادە و ئاسان دەستی ڕابگات بە نان، کار، ئازادی هەنگاوبنێت بۆ چەسپاندنی عەدالەت ویەکسانی و دادپەروەری لەکۆمەڵگادا. ئامانجەکە ئەوەیە کە وشیاربین سیستەمی سەرمایەداری و یاساکانی نیولیبڕالیزم لەهەر وڵات وکۆمەڵگەیەک هەبێت چەوسانەوە و هەژاری و برسێتی بەرهەم دەهێنێت و ژیانی هاوڵاتیان سەخت و نالەباردەبێت، وێڕای ئەوەی لەشێوازدا جیاوازن، بەڵام لەناوەڕۆکدا یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش کۆکردنەوەی قازانج و پارەی زیاتر بۆ کەمینەیەک لەپارێزەرانی دەسەڵات و بەرپرسەکان و خاوەن کۆمپانیاکانە. دەرئەنجامی بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتەشە کە لەگەڵ زیاتر دەوڵەمەندبوونی کەمینە زۆرینەش ڕاپێچی چەوسانەوە و هەژاری و بێکاری و ئاوارەیی زیاتر دەکات. من زۆر دڵنییام وشیاری گەنجانی کوردستان بەجۆرێکە کەئەگەر کەمێک ئازادی هەبێت لەکوردستان گیانی گەنجەکان پارێزراوبێت سەرۆک وەزیران و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکان نەک وەکو کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەرد باران دەکرێن و وەکو ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا گەنجێک زلەی لێدەدات، بەڵکو سەرجەمیان بەردباران و هێلکە باران وتف باران دەکات و دەیان خاتە ناو زەبڵ زێراب وخاشاکی گەڕەکەکانەوە.

زۆرگرینگە گەشە بەناڕەزایەتییەکانی ئێستای کۆمەڵگە بدرێت بەئاراستەی ڕێکخراوبوون کەخەڵک دوور بخرێتەوە لەپەرتەوازەییدا. ئەگەر کۆک و تەبابین لەسەر نەمانی دەسەڵاتی شەق وەشێن و شەقاوەکانی کۆمەڵگە پێویستە هێزی شۆڕشگێڕی بنیاتبنێین بۆ لەگۆڕانی سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازی وچەوسێنەریان ،ئیتر بەسە. دەسەڵاتی شەقاوەکان جگە لەتێکشکانی ئیرادەی مرۆڤ و بەتاڵکردنی گیرفانی گەنج نەبێت، هیچ سوودی تری نییە و ئومێد بەتێکۆشان بەژیانێکی باشتر و خۆشتر چەندەها ساڵە لێیان زیندە بەچاڵ دەکات. ئیمکانی ماددی و مەعنەویان لێ دەدزرێ و بەفیڕۆ دەدات هەروەک چۆن ڕۆژانە سەرمایەدارەکانی ئەو دەسەڵاتە ڕۆژانە هێزی کرێکار بەتاڵان دەبەن و بەرهەمەکەشی دەدزن بەهەمان شێوەش هێزی جوان و پڕگەشەی گەنجان و لاوان خامۆش و بێ ئیرادە و دەهاڕن و تێکدەشکێنن، ئەمەش بۆئەوەیە گەنجانی ئەمڕۆ و داهاتوو ملکەچ وبچەمێنەوە لەئاست یاسا کۆنەپارێزو چەوسێنەرەکانیاندا.

بۆ لاپەڕە 11

# " ئافرەت لەنێوان توندوتیژی و ململانێی کۆمەڵگە "



پرسی ژن ؟

تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**



دەقی ئەم چەمکەی سەرەوە دەتوانین بڵێین پێکدێت لەو کردە توندوتیژییانەی بە شێوەیەکی سەرەکی دژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێت و ئەم جۆرە توندوتیژییانە بەجۆرێک لە جۆرەکانی تاوانی کینەیی دادەنرێت، کاتێک بە تایبەتی ئاراستەی ژنان و کچان دەکرێت لەبەرئەوەی کە ڕەگەزی مێن. توندوتیژییەکانی دژی ژن مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، ڕووداو و ڕادەی توندیتی کردەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تریش دەگۆڕدرێت. ئەم کردە توندوتیژییە بە ڕێکار و شێوازێکی چەوساندنەوە و داپلۆسینی ژن دادەنرێت چ لە کۆمەڵگە یان پەیوەندی تاکەکەسیدا بێت و دەکرێت هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ هەستی (خاوەندارێتی، باڵادەستی، سروشتێکی دەروونی توندوتیژانە و کینەیەکی زکماکی) بەرامبەر بە ژن لەلایەن کەسی توندوتیژەوە.

ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەڵێت "توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە بەرجەستەبوونی پەیوەندییە مێژوویە نایەکسانەکانی نێوان ژن و پیاو وە توندوتیژی دژی ژنان یەکێکە لە ڕێکار و شێوازە سەرەکییەکان کە ژنان بەزۆر و ناچاری دەخرێنە ئاستێکی نزمتر و کەمتر بە بەراورد بە پیاوان." سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆفی ئەنان لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٠٦ کە لە ئابوونەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان بڵاوکرابووەوە ڕایگەیاند: توندوتیژی دژی ژنان و ژنان کێشەیەکی گشتگیرە و لە جیهان دا بەلایەنی کەمەوە هەموو سێ ژنێک دانەیەکیان ڕووبەڕووی لێدان، سێکسی زۆرەملێ یان دەستدرێژی بووتەوە لە خاڵێک لە خاڵەکانی ژیانی دا کە زۆرجار کەسی دەستدرێژیکەر کەسێکی ناسراوی ژیانی ژنەکە بووە.

توندوتیژی دژی ژنان دەچێتە خانەی چەند پۆل و بوارێکەوە وە توندوتیژی لەلایەن تاکەکەس و دەوڵەتیشەوە ئەنجام دەدرێت. هەندێک لە جۆرەکان کە لەلایەن تاکەکەسەوە ئەنجام دەدرێت (لاقەکردن، توندوتیژی خێزانی، دەستدرێژی سێکسی، منداڵ خستنەوەی زۆرملێ، کوشتنی کچە ساواکان، دیاریکردنی ڕەگەز پێش لەدایکبوون و توندوتیژی پێش لە دایکبوون) و هەروەها کردە باو و نەریتییەکان وەک (کوشتن لەسەر ناموس، توندوتیژی لە کاتی دەستگیرانی دا، خەتەنەکردنی ژنان، هاوسەرگیری لەڕێی فڕاندن و هاوسەرگیری زۆرەملێ). ئەو توندوتیژییانەی لەلایەن هەندێک لە دەوڵەتانەوە ئەنجام دەدرێت (لاقەکردن لە کاتی جەنگ دا، توندوتیژی سێکسی و کۆیلەکردنی سێکسی لە کاتی ناکۆکییەکان دا، نەزۆککردنی زۆرەملێ، منداڵ لەباربردنی زۆرەملێ، توندوتیژی لەلایەن پۆلیس یان کەسانی دەسەڵاتدار، بەردبەباران کردن و بەقامچی لێدان) و چەند شێوەیەکی تری توندوتیژی وەک بازرگانی کردن بە ژنان و لەش فرۆشی زۆرەملێ کە ڕێکخراوە لەلایەن تۆرە تاوانکارییەکانەوە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهنی (World Health Organization – WHO)لە لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی توندوتیژی دژی ژنان هەستاوە بە هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردنی شێوازە جیاوازەکانی توندوتیژییەکە کە ڕوودەدات بە درێژایی قۆناغەکانی ژیانی ژنان لە پێش لە دایکبوونییەوە تا تەمەنی پیری.

شک لەوەدانیە کە ئاستی کولتووری و روشنبیری خەڵک و کۆمەڵگە لەپێوەندی لەگەڵ پرسی یەکسانی و مەسەلە کۆمەلایەتییەکاندا لەخوارەوەدایە. توندوتیژی کۆمەڵگە پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەوە، توندوتیژی دژی ژنان لەزۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا باوە جگە لەئاینی سەپێندراو و نزمی ئاستی هۆشیاری تاکەکان لە کۆمەڵگە و ئەو داب و نەریتەو سیستمە کۆنە کەبەدرێژایی مێژوو ولاتان توشی بوون. توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئاستی ئەو توندوتیژیانە لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە. بەو مانایا کە توندوتیژی لەو وڵاتانەی کە دیمۆکراسی تیاندا بەر چاوەو لە ئاستێکی باشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان بەدیدەکرێت، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە کە لە وڵاتانێک کە قانون و یاسا حاکمە، تاڕادەیەک ڕێگە بە توندوتیژیەک نادرێت و مافی ژنان و پیاوان لە یاساکان مسۆگەر کراوە و لەوانەشە لە هەندێک بواردا مافەکانی ژنان لەو وڵاتانەدا زیاتر بێت لە مافەکانی پیاوان، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگە سونەتیەکان، یاساکان لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەب داڕێژراون کە لە زۆر بواردا دژایەتی هەیە لەگەڵ یاساکانی مافی مرۆڤ. دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان پیوەندی نییە بە کومەڵگایەکی تایبەت واتە دەسەلاتی سیاسی یان کومەلایەتیەکی تایبەت، بەڵکوو لە هەموو کومەڵگەیەکی مروڤایەتی بەر چاو دەکەوێت. توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵگەی جیهانییە و بە شێوەیەکی بەربڵاو بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەبیانووی نەپاراستنی بەهاکانی نێو بنەماڵە، بە توندترین شێوە ئازار دەدرێن تەنانەت دەکوژرێن. ژنی کورد بەهۆی نەریتی پیاوسالاری و سیستمی سیاسی و سیستەمی ئاینی باروودۆخێکی باشی نییە. لە جاڕنامەی پێشگیری لە توندتیژی دژی ژنان پەسندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتوە، مەبەست لە "توندوتیژی دژی ژنان"، هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی، یان دەروونیی ژنان، وەک لێدان، هەڕەشە، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی، زۆری لێ کردن و هتد کە لە ریزی رەفتار و کردەوەی توندوتیژدان".

**شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە. دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە. بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی. وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بیاتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستیێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێك دەخات...

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالْح، حەکیم**



# دوو کورتە شیعریکی خالید بایە زیدی (دلێر)

ئەمرۆ هەینی
هەرزە  دیکتاتورێك
لە گۆرەپانی شاردا
تێ دەپەڕی
وە وتارییژەکان
لە منارەکانیانەوە
باسی جوامیری ئەویان
بۆ خەڵك دەكرد
.................................................
.................................................

............
رێبەرانی ولاتەکەم
ئەوەندە گەنیوون...
هیچ ئاوێك
هیچ سابوونێك
ناتوانێ:
بۆنی جەستەی گەنیوویان
لابا
جگە لە مردنیان




گۆشەی ئەدەب و هونەر



# ئەو ئاوە سەری سپی کردم

شتێك لەگەڵما دەڕوات و
دەستی خستۆتە ناودەستمەوە
لەمبەرەوە بۆئەو بەر ڕامدەکێشێت
لەکۆڵم نابێتەوەو ئەڵێت وەرە باڕەنگی
تابوتێکی زیرەیت بۆهەڵبژێرم
وەرەو بالەم ئاوە نازدارەت هەڵکێشم
ئاخر هەموو تەڕبونێك  تەڕبون نییە
ئەتوانم ئەوەنەت تەڕکەم
تەڕبوون ئیرەیی لەئاو بکات

ئەم ئاوە سەری سپی کردم
ئێتر وەك ئەوسا قسەم لەگەڵ درەختەکاندا بۆناکرێت
دڵخۆشی ماسیەکی دڵشکاوم  بۆنادرێتەوە
دەستم ناگاتە ناوچەوانی سێبەرە تۆراوەکەم و
خۆم لەخۆم بۆجیاناکرێتەوە

شتێك سەری پڕکردوم
لەجوکە جوکی باو بۆران
نە ئەوەتە بخەوم نە ئەوەتە خەبەرم بێتەوە
دڵم زۆر پڕە
پڕە لەبۆڵەبۆڵی دراوسێکانم
لەسەرە تاتکێی ئەوبەری کچەکانی
سەرکانی
ئەو ئاوە سەری سپیکردم
بەزۆر دەستی  پێ خستمە بەرباخەڵی خۆم
بەزۆر بەسەر خۆمیا ڕژاندم

ئەو دەریایە بێتاقەتی کردوم
میلی ئەو کاتژمێرە چاوی بڕیوەتە چاوم و
نایەڵێت شتێك لەسەر ماتی خۆم بنوسم
ئەم ماتییە میلی لەسەر بێدەنگیم هێناوەتەوەو
دراوسێکانم لەدرزی دەرگاکانەوە تەماشام دەکەن

قسەم بۆناکرێت
ئەڵێی مردویەکی بەدبەختم
هیچ کەسێك چارەی ناوێم
ئەو دەرگایە هەرنەکرایەوە
کەسێك قومێك ئاوی نەدامێ و
نەیوت لێرە سەرخەوێك بشکێنە
ئیتر درەختەکان نادوێنم
بەبانالێم خوا قوەتتباو ئەوە خێرە بەبێ جانتا بۆکوێ دەچێت

شتێك لەگەڵما دەڕوات
لەگەڵما دەخەوێت لەگەڵما دەگری
بەڵام کەتوڕە دەبێت
پێم ئەڵێت سەیرە بەرگەی ئەم هەموو تەنیاییە دەگریت
ئەو ئاوە سەری سپی کردم
بێدەنگی درەختەکان پەتی سێدارەم بۆهەڵدەخەن
ماتی کانیەکان بەرد لەسەرسنگم دەشکێنن

خۆمم بۆنابرێتەوە ئەوبەر
زنجیری پانتۆڵەم بۆداناخرێت
فیشەکێکم بۆنانرێت بەسەری خۆمەوە
شەستو چوار ساڵە چاوەڕوانی
بارانێکم هەر نەباری
ئەو ئاوە شێتی کردم
............

**میرزا**

**٣١/٥/٢٠٢١**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاوەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

شیعریکی: میرزا آقا عسکری

وەرگێر: خالیدبایە زیدی(دلیر)



## «تەنیایی»

لەماڵەکەمدا

یەک باڵندەی تەنیام هەیە

خیزانیشم.

دوو باڵندەی تەنیا

یەکیان ئەو

یەکیان من

ئاە کە ئینسان چەندە بە

تەنیایە!



## «شەڕ وپێکدادان»

شیعریکی: ساناز داود زادەفر

وەرگێر: لە فارسییەوە خالید بایەزیدی (دلیر)

شەڕو پێکدادانی ئێمە

لەسەر دواین فیشە ك بوو

بە چارەنوسی کێ ئەبێ

گشت ڕۆژەکان

دوبارەی دوێنی کانە

دواین فیشەك دوای خەوتن

زیاترلە ژیان ئەچوو

تاکوو ماچێك

دوای مانگێك

بە دیتنی یەکتر

ئێمە!

لە سێدارە دراوی یەك وەچە ین

ڕۆژێك بێ گوڵە خەوم لێ نەکەوتووە

لای لایەی دایکم

لە دەنگی کلاشینکوف ئەچوو

کاتێك مناڵیمان

پیرسیما بالآی دەکرد

**هونەرمەندان و ئەدیبانی پێشکەوتنخوازو ئازادیخواز... بۆپێشەوە بڵندگۆی بەرەی ئازادیخوازی کوردستانە... سەکۆی رەخنەی چینایەتی و شۆڕشگێرانەی چینی کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگەیە، لە پێناو دنیایەکی خاڵی لەستەم و چەوساندنەوە و هەڵاواردن و بێمافی... بەرهەمە رەخنەگرانە هونەری و ئەدەبیتان لە نیزامی سەرەوخواری سەرمایەداری و رەوتە سیاسیەکانیان... بۆ بۆپێشەوە بنێرن و بۆپێشەوە**

**بەدەستەوە بگرن...**










## د. خامۆش عومەر: هەموو دەستورێك سەرباری جیاوازی ئایدیولۆژی ئەو دوو بابەتە (دەسەڵات) و (ماف و ئازادییەکان) لەخۆ دەگرێت. بۆ ئەوەی دەستور کاریگەری خۆی هەبێ لە نێو سیستەمی سیاسی و کۆمەڵگەدا، پێویستە بەر لەهەموو شتێك دەسەڵاتداران پێوەیەوە پابەند بن ...

### دیمانەی بۆپێشەوە سەبارەت بە پێشنیاری نووسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز د.خامۆش عومەر پسپۆر لە یاسای دەستوری ...

**بۆپێشەوە: ئەم ماوەیە جارێکی تر پرسی نووسینی دەستور هێنراوەتەوە ئارا... ئایا بەڕاستی مەبەست لە نووسینی دەستورە یان پرسی نووسینی دەستور بۆ ئامانجێکی ترە؟**

**خامۆش عومەر:** گومانی تیادا نییە، کە بوونی دەستور بۆ هەر قەوارەیەکی سیاسی گرنگە، چونکە دەبێتە هۆی دیاریکردنی سنوری چالاکی دەسەڵاتەکان، هەروەها دان دەنێت بە ماف و ئازادیەکان و گەرەنتی پاراستنیان دەکات.

ماوەیەکە دیسان پرسی دەستور لە هەرێمی کوردستان بۆتە بابەتێکی گەرم، لایەنە سیاسیەکانی سەرقاڵکردووە، لەهەمان کاتیشدا دەزگا دەستوریەکانی هەرێمیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن. ئەوەی جێگەی تێبینیە تاوەکو ئێستا میکانیزمی چۆنیەتی دانانی دەستورەکە دیاری نەکراوە، ئایا بە هەمان میکانیزمە کۆنەکە دەبێت، کە یاسای ژمارە ( ٤)ی ساڵی ٢٠١٥ دیاری کردبوو؟ یاخود بە میکانیزمێکی تر دەبێت؟ ئایا چارەنوسی ئەو بەشانەی پێشوو کە لەلایەن لێژنەکەی تر دانرابوو چی بەسەر دێت؟ هێشتا بە ڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارانە دیار نییە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پرسیاری ئەوە دەوروژێنێت، ئایا هەنگاوەکانی دانانی دەستور لە ئێستادا بەگوێرەی پلان، و چوارچێوەیەکی یاساییە یاخود نا؟ یان تەنها لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیی کاتیە، ئێمە ئومێد دەکەین، ئەمجارەشیان وەکو جارەکانی پێشوتر پرۆسەی دانانی دەستور شکست نەهێنێ، بەڵکو بە پلانێکی تۆکمەی گونجاو بە واقیعی هەرێمی کوردستان کاری بۆ بکرێت.

**بۆپێشەوە: ئایا بوونی قەوارەیەکی دەوڵەتی پێش مەرجی دەستور نییە؟ دەکرێت هەرێمێکی نا سەقامگیر ببێتە خاوەنی دەستور؟**

**خامۆش عومەر:** بۆ ئەوەی پرۆسەی نوسینەوەی دەستور سەرکەوتوو بێت، پێویستە چەند پێش مەرجێک فەراهەم بکرێت، لەوانە ژینگەیەکی لەباری سیاسی، کە ببێتە هۆی هێنانەکایەی سەقامگیریەکی سیاسی، چونکە دەستور چۆن ڕۆڵ دەگێڕێت لە هێنانەکایەی فاکتەرەکانی سەقامگیری، ئاواش بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت لە ناسەقامگیری و پەرتەوازەیی سیاسی. لە دوای شۆڕشی وڵاتانی بەهاری عەرەبی، ئەو حاڵەتە بە ڕوونی هەستی پێکرا، ناسەقامگیری سیاسی، ململانێ، پەنا نەبردنە بەر دادپەروەری ڕاگوزەری....هتد، وای کرد هەندێک لەو وڵاتانە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرە دەستور دابڕێژن، ئەوەش دواجار بە شکستی پرۆسەی سیاسی کۆتایی پێهات، کە تەنانەت لە هەندێک شوێن کودەتای سەربازی بەدوای خۆیدا هێنا، لە هەندێک شوێن بە خوێندنەوەی واقعیانەی دۆخەکە، بە تەجاوزکردنی مەنتقی زۆرینە و کەمینە توانیان بەسەر ئەو گرفتانە زاڵ بن، و جۆرێک لە سەقامگیری سیاسی دەستەبەر بکەن.

بۆیە گرنگە لە سەرەتادا ژینگەیەکی سیاسی لەبار بڕەخسێنین، کە تیایدا ماف و ئازادیەکان دەستەبەرکرابێت، و هاوڵاتیان دەرفەتی بەشداریکردنیان پێدرابێت لەو پرۆسەیەی کە بۆ هاوڵاتیە بەر لەوەی بۆ ڕێکخستنی دەسەڵات بێت.

**بۆپێشەوە: دەوترێت دەستوری عێراق ئەو مافەی بەهەرێمی کوردستان داوە، دەستوری خۆی هەبێت... چۆن دەکرێت ئەو دوو دەستورە لەگەڵ یەکتری نەکەونە ناکۆکییەوە؟**

**خامۆش عومەر:** لە زۆرینەی سیستەمە فیدرالیەکانی دونیا، یەکە فیدرالیەکان مافی دەستوری تایبەت بەخۆیان دەبێت، دەستوری عێراقیش لە ماددەی (١٢٠) ئەو مافەی بەهەرێمەکان داوە، بەڵام مەرجی ئەوەی داناوە کە نابێت ناکۆک بێت لەگەڵ دەستوری عێراقی بەو پێیەی دەستوری ئیتحادی پرەنسیپی باڵایی هەیە بەسەر دەستوری هەرێمەکان.

لە ڕاستیدا ئەو پانتاییە دەستوریەی کە دەستوری عێراق لە ڕووی تیۆریەوە بەهەرێمەکانی داوە، زۆر فراوانە، بە بەراورد بەزۆرێک لە دەستورەکانی تری سیستەمی فیدرالی، بەڵام کێشەکە لە ڕووی پراکتیکیە، بە تایبەتیش دەستوری ئیتحادی عێراق پرەنسیپە سەرەکیەکانی دیاری نەکردووە بۆ هەرێمەکان، تا نەتوانن لێی لابدەن، بەمەش ئەو دەقە پێویستی بە شیکردنەوە دەبێت. بەدڵنیاییشەوە ئەو لایەنەی کە تایبەتمەندە بە شیکردنەوەی دەقەکانی دەستور، دادگای ئیتحادی باڵایە، بۆیە ئەرکی دادگا لەو بارەیەوە قورس دەبێت، چونکە ئەگەری زۆرە ئەو پرسە بەو دادگایە ڕاسپێردرێت، تاوەکو دەستوری هەرێمەکان ناکۆک نەبن لەگەڵ بنەماکانی دەستوری ئیتحادی.

بیرمان نەچێت لە دوای ساڵی ٢٠١٧ ەوە، دەسەڵاتی ئیتحادی لە ڕووی کردەوەیی کاری زۆری کردووە بۆ بچوکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان، لەو چوارچێوەیەشدا چەندین یاسای ئیتحادی دەرکردووە کە بەسەر هەرێمی کوردستانیش جێبەجێدەکرێت، ئەوەش لە دواجار کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان.

**بۆپێشەوە: چ جۆرە سیستەمێکی سیاسی بۆ حوکمڕانی هەرێم گونجاوە؟**

**خامۆش عومەر:** لە دونیادا سێ جۆرە سیستەمی سیاسی پیادە دەکرێت، ئەمانیش: سیستەمی پەرلەمانی، سیستەمی سەرۆکایەتی، سیستەمی حکومەتی بەکۆمەڵ. جۆرە سیستەمێکی تریش هەیە کەوتۆتە نێوان سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، بەڵام زیاتر بەلای سەرۆکایەتی شکاوەتەوە. لە ئێستادا بۆ واقعی هەرێمی کوردستان باشترین سیستەم کە پیادەبکرێت سیستەمی پەرلەمانییە، چونکە ئەو سیستەمە کۆمەڵێک خەسڵەتی تێدایە کە بۆ هەرێم گونجاوە؛ لەوانە دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە لە سەرۆک و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکدێت، هەروەها هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، بە جۆرێک هەردووکیان دەبنە چاودێر بەسەر یەکتریەوە، و پەرلەمان دەتوانێت لێپرسینەوە لە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان بکات، تەنانەت متمانەشیان لێبسەنێتەوە. بۆیە لە ئێستادا وا باشە سیستەمی پەرلەمانی تەبەنی بکرێت، بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان.

**بۆپێشەوە: گرنگی دەستور چییە؟**

**خامۆش عومەر:** سادەترین پێناسەی دەستور ئەوەی کە بریتیە لە کۆمەڵە بنەمایەک هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان، و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان، هەروەها ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان دیاری دەکات و گەرەنتی پاراستنیان دەکات. هەموو دەستورێک سەرباری جیاوازی ئایدیولۆژی ئەو دوو بابەتە (دەسەڵات) و (ماف و ئازادییەکان) لەخۆ دەگرێت. بۆ ئەوەی دەستور کاریگەری خۆی هەبێ لە نێو سیستەمی سیاسی و کۆمەڵگەدا، پێویستە بەر لەهەموو شتێک دەسەڵاتداران پێوەیەوە پابەند بن. هەر کاتێک دەسەڵاتدارو هاوڵاتیان پێوەیەوە پابەند بوون، ئەو کاتە دەتوانین قسە لەسەر حوکمڕانی دەستور بکەین. زۆر وڵات سەرەڕای ئەوەی خاوەن دەستوریشن، بەڵام نە دەسەڵات پێوەیەوە پابەند بووە، نە گەرەنتی پاراستنی ماف و ئازادیەکانیش کراوە، بگرە تەنانەت هەندێک جار دەستور بۆتە هۆی چەسپاندنی بنەماکانی حوکمڕانی دیکتاتۆری و ئیستبدادی و تاکەکەسی، بۆیە گرنگە دەستور هەبێت، بەڵام لەو گرنگتر ئەوەیە کە دەستورەکە دەستورێک بێت پایەکانی سیستەمی دیموکراتی بونیاد بنێت، بۆیە لە ئێستادا هەندێک وڵات سەرباری ئەوەی تاوەکو ئێستاش خاوەن بەڵگەنامەی دەستوری نین (وەک بەریتانیا، ئایسلەند، ئیسرائیل)، بەڵام توانیویانە نمونەیەکی جوانی سیستەمی دیموکراتی پیشان بدەن و ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیان دەستەبەر بکەن.

**بۆپێشەوە: ئایا دەستور کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان چارەسەر دەکات؟**

**خامۆش عومەر:** ئێمە نابێ زیادەڕۆیی بکەین لەوەی کە دەستور دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی گرفتەکان و بنبڕکردنیان. دەستور دەتوانێت تا ڕاددەیەک هاوکار بێت لە سنور نەبەزاندنی دەسەڵاتەکان و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان و گەرەنتی کردنیان، ئەوەش ئەو کاتە دەبێت کە کۆمەڵێک دامودەزگای دەستوری بەهێز و سەربەخۆت هەبێت لەژێر هەژمون و کاریگەری هێزو لایەنە سیاسیەکان نەبن. ئەگەر دەستور بتوانێت هێزێکی پێشمەرگەی نیزامی یەکگرتوو، دەزگایەکی ئاسایشی دوور لە دەستێوەردانی حزبی، دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆی خاوەن ئیرادە، دەستەیەکی مافی مرۆڤی گونجاو لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، دیوانێکی چاودێری دارایی کە توانای لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەی هەبێت، دەستەیەکی دەستپاکی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردن .....هتد دروست بکات، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنێت بەرەوە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراتی، بە پێچەوانەوە بەدەر لەوە، هەموو ئەوانە دەبنە دروشمێک کە ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ دەبێت لە ئامانجی ڕاستەقینەی دام و دەزگای دەستوری.

**بۆپێشەوە: پرسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە دەستور چۆن چارەسەر دەکرێت ؟**

**خامۆش عومەر:** دەستوری ئیتحادی ساڵی، ٢٠٠٥ سنوری هەرێمی کوردستانی دیاریکردووە، تیایدا ئەو دەقەی هێشتۆتەوە کەلە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە هاتبوو، ئاماژە بەوە دەکات، سنوری هەرێمی کوردستان تا ئەو شوێنەیە کە حکومەتی هەرێم تا ڕێککەوتی١٩/٣/٢٠٠٣ بەڕێوەی بردووە، دادگای ئیتحادی باڵاش جەختی لەسەر ئەو سنورە کردۆتەوە. دواتر دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ دەقی مادده (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی هێشتەوە، لەهەمان کاتیشدا دەقی مادده (١٤٠)ی بۆ زیادکرد، کە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی و یەکلایکردنەوەی چارەنوسی ئەو ناوچانەی دیاریکردووە، ئەوەش دەبوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ یەکلایکرایەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. ئەو پرسە تەنها لە چوارچێوەی مەسەلەیەکی ناوخۆیی نەماوەتەوە، بەڵکو ڕەهەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشی هەیە، بۆیە نەتەوە یەکگرتوەکان لەو بارەیەوە هەوڵی چارەسەکردنی داوە، بەڵام بێ دەرئەنجام بوو. دەبێت دەستوری هەرێم بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانە بکات و سازش لە کوردستانیەتی ئەو ناوچانە نەکات کە هەموو بەڵگە مێژوویی و جوگرافیەکان حەقداری ئەو ناوچانە بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێننەوە.

**بۆپێشەوە: ئایا دەستور دەتوانێت زامنی مافەکان بکات؟**

**خامۆش عومەر:** دەستور دان دەنێت بە ماف و ئازادییەکان، بەڵام ئەوە بەس نییە، چونکە گرنگتر لە ماف و ئازادییەکان زامنکردن و گەرەنتی کردنی پاراستنی ماف و ئازادییەکانە. ئێمە ئەگەر سەیری دەستورەکانی دونیا بکەین، تەنانەت دەستورە دیکتاتۆریەکانیش دەبینین دانیان ناوە بە ماف و ئازادییەکان، بەڵام گرفتەکە لە جێبەجێکردندایە، واتە لە بنچینەدا ئەوان باوەڕیان بەو ماف و ئازادیانە نییە، بۆیە پێویستە لە سەرەتادا دەسەڵاتی سیاسی باوەڕی بە ماف و ئازادییەکان هەبێت، لەهەمان کاتیشدا دامودەزگای دەستوری پێویست دروست بکات بۆ پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانە، لە نمونەی دادگای دەستوری، کە پێویستە دادگایەکی سەربەخۆ بێت، توانای لێپرسینەوەی هەبێت تەنانەت لە سەرۆک و لادانیشی لە کارەکەی، ئەوەش تەنها بە دەقی دەستوری نابێت، بەڵکو دەبێت ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت کار بۆ ئەوە بکات. لە ئێستادا پرسی ماف و ئازادییەکان تەنها پرسێکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو بۆتە پرسێکی نێودەوڵەتی، بۆیە پێویستە هەرێم پابەند بێت بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، و ئەو هەڵە سیاسیانەی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە کە دەبنە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان.




# کاکەلاو تەحسین: دەسەڵاتی دادوەری بۆتە بوکەڵە بەدەست حیزب، حیزبەکان نەك تا ئێستا بوێری گوتنی بۆچونی خۆیان نییە لەسەر ئاین و ئیسلام تەنانەت بوێری تێپەراندنی تەکیەو خانەقاشیان نییە.

## دیمانەی بۆپێشەوە سەبارەت بە پێشنیاری دانانی دەستور بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز کاکەلاو تەحسین شارەزا لەیاسا و دەستور...

**بۆپێشەوە: وڵاتێکی وەکو بەریتانیا دەستوری نییە، و لە جێگای ئەوە عورف و یاسای هەیە... بەڵام حکومڕانیەکی دیموکراسی بۆرژوایی باوی هەیە... هیچ کێشەیەکیشی بۆ دروست نەبوو؟**

**کاکەلاو تەحسین:** دەتوانین بڵێین بەریتانیا دەستوری نوسراوی نییە و دەستورێکی عورفی هەیە کە هەمان هێزی دەستورێکی نوسراوە، بەڵام ئەوەی وا ئەکات بەریتانیا دیموکراسی بێت مێژوو و پەروەردەی تاک و دامەزراوەکانیەتی.

**بۆپێشەوە: ئایا دیموکراسی و حکومڕانیەکی باش، لە دەستور گرنگتر نییە؟ دەکرێت حکومڕانی خراپ و مافیایی بێت و دەستور دیموکراسی؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بێگومان حوکمرانی تەندروست و باش ئامانجە و لە پێش هەمو شتێکەوەیە، و دەستوریش هیچ نییە جگە لە پایەیەک بۆ هێنانە کایەی حوکمڕانیەکی باش و دواتر پاراستنی لە ژێر سایەی ئەو دەستورە، و ئەوەی دیموکراسی و تەندروست بوونی دەسەڵاتێک دەسەلمێنێ ناوەرۆکی دەستورەکەی نییە، بەڵکو جۆری بەرهەمی بەرێوەبردنیەتی لە سایەی ئەو دەستورە، نمونە تۆ سەیری دەستوری عێراق بکە تا رادەیەکی باش بنەماکانی دیموکراسی و مافی تاک و سەربەخۆیی دامەزراوەکانی تیایە، بەڵام لە دەرئەنجامی ئەم دەستورە ئەو جۆرە لە فەرمانرەوایی هاتۆتە بەرهەم؟ بێگومان نەخێر؛ بۆیە دەستوری دیموراسی بنەمایەکە بۆ حوکمرانی دیموکراسی بەڵام بە تەنها بە دیهێنەری نابێت.

**بۆپێشەوە: هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی دەسەڵات، بەکردەوە بروایان بە جیاکردنەوەی دین و سیاسەت و دەوڵەت نییە، لەو حاڵەتەدا چ دەستورێک دەبێتە بژاردە و زەمانەتی مافە فەردی و مەدەنی و ئازادییەکان دەکات؟**

**کاکەلاو تەحسین:** ئەوەی باست کرد یەکێکە لە ئەرکە گرینگەکانی نوسینەوەی دەستور کە ئەبێت رێکی بخات، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان نەک تا ئێستا نەمان توانیوە بۆ ئەو ئامانجانە پێشبکەوین لەسەر ئاستی پەروەردە و دامەزراوە، بەڵکو ئێمە ئێستا دەگەرێینەوە سالانی ١٩٩٢ واتە سەرەتای ڕاپەرین، تۆ سەیر بکە ئێستا هیچ باوەرێک و هەیبەت بۆ پەرلەمان نەماوە و خولی سەرەتا باشتر بوو، دەسەڵاتی دادوەری بۆتە بوکەڵە بەدەست حیزب، حیزبەکان نەک تا ئێستا بوێری گوتنی بۆچونی خۆیان نییە لەسەر ئاین و ئیسلام تەنانەت بوێری تێپەراندنی تەکیەو خانەقاشیان نییە، ئیتر ئەو کارەکتەرانە هەر دەستورێکیان بۆ بنوسرێتەوە ناتوانن بەدیهێنەری جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و ئازادییە فەردیەکان دابین بکات.

**بۆپێشەوە: تۆ دەڵێیت دەستوریان بۆ بنوسرێتەوە نەک بینوسنەوە بۆچی؟**

**کاکەلاو تەحسین:** من بەرپرسم لەو قسەیەم؛ هەرێمی کوردستان هەرگیز نابێت بە خاوەنی دەستور بە ویستی خۆی مەگەر لە دوو حالەت نەبێت یەکەم دەستورێک لە دەرەوە بسەپێنرێت بەسەر هەرێم لە لایەن وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی. دووەم دەستورێک لە ناوەوەی هەرێم لە لایەن حیزبێکەوە بسەپێنرێت. من هەردوو ئەگەریش بە دوورو قورس ئەزانم، چونکە هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان حەز بە هەرێمێکی شێواوی بێ چوارچێوە ئەکەن! هەم بۆ ڕاگرتنی دڵی عێراق و دراوسێکان، هەم بۆ دەستێوەردان و بەرژەوەندی خۆیان. لە ناوخۆش هیچ هێزێک نییە بتوانێ تاک لایەنە بۆچوونەکانی بە ڕاشکاوی لە دەستور بڵێت و بە خەڵک بڵێت دەنگی پێبدەن، چونکە کورد هەموو شتێکی پارادۆکسە؛ واتە نە حکومەتە، نە خێڵە، نە هەرێمە، نە دەوڵەتە، نە دەسەڵاتە، نە ئۆپۆزسیۆنە، نە عەلمانییە، نە ئیسلامییە...تاد.

**بۆپێشەوە: ئەزموونی دنیا نیشانیداوە کە ئەو دەوڵەتانەی دەستورەکەیان مەبناکەی هاوڵاتی بوون و یەکسانی مافی سەرجەم هاوڵاتیانە لە بەرامبەر یاسادا، وە دینیان لە دەوڵەت جیاکردۆتەوە، تا ڕادەیەکی باش مافە فەردی و مەدەنیەکان و ئازادییەکان فەراهەم کراون، چ بکرێت بۆئەوەی دەستوری کوردستانیش بەهەمان شێوە دەستورێکی عەلمانی غەیرە قەومی بێت؟**

**کاکەلاو تەحسین:** لە هەرێم تازە تەکیەی شێخ دەکرێتەوە دەکرێت بە ناوەندی ناساندی هەرێم بە دونیا چۆن دین جیا بکرێتەوە لە دەولەت؟ بێگومان گەر هەر دەستورێک لەمرۆدا نەتوانێ بنەمای عەلمانیەت بچەسپێنێ، نەبوونی باشترە گەر نەتوانین دەسەڵات بکەین بەهی هەمووان و دینیش بکەین بەهی تاکەکان، ئەوا ئیتر ئێمە چی رێک ئەخەین؟ بەڵام تۆ سەیری دەستوری عێراق و پرۆژەی دەستوری هەرێم بکە دەڵێت نابێت هیچ یاسایەک دەربچێت پێچەوانەی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان بێت. لەولاوە دەڵێت نابێت پێچەوانەی بنەماکانی ئاینی ئیسلام بێت و دواتر لە دادگای فیدرالی کە ئەرکی چاودێری جێبەجێکردنی دەستورە مەرج دانراوە کە دەبێت فەقیە دابمەزرێت. لەولاوە هەرێم ڕازی نییە سرودە نەتەوەییە کوردیەکەی بگۆرێت ئەی دەستور چۆن ئەنوسێت.

**بۆپێشەوە : ئەوانەی باست کرد کۆسپەکانن دەکرێت چۆن وەلا بنرێن؟ بۆ نوسینەوەی دەستورێکی عەلمانی غەیرە دینی؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بەر لە هەر شتێ دەبێت بزانین کێ بریار دەدات دەستور بنوسینەوە؟ وەڵام؛ ئەوانەی باوەریان بە دەسەڵاتی ڕەهاو پاوانخوازی هەیە. کەواتە دەبێت ئەو دەسەڵاتدارانە بریاردەر نەبن، دووەم کێ ئەینوسێتەوە؟ لیژنەیەک لە پەرلەمان هەلدەبژێردرێت، یان لیژنەیەک ڕاستەوخۆ لەلایەن گەل هەلدەبژێردرێت. لە هەردوو ئەگەر هەم پەرلەمانێکی زۆرینەیەکی تەزویری کەمینەیە، لە ئەصلا هەم شەقام کۆمسیۆنێکی حیزبی بێ ئیرادە سەرپەرشتی تەزویر دەکات. کەواتە دەبێت لیژنەیەکی دەستوری هەلبژێردرێ لەلایەن گەل و دواتر پەسندی بکات بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی رێکخراوە نێودەولەتیەکان. کێ ئەندام دەبێت لە لیژنەکە؟دەبێت دووربێت لە کەسانی نا پرۆفیشنال و دابەشکاری سیاسی و سەفەقات..لە هەمووی گرینگتریش هوشیارکردنەوەی خەڵک بە ئەگەر و مەترسیەکانی دەستور.

**بۆپێشەوە: باسی دەستور و یەکڕیزی چ پەیوەندییەکیان بە یەکتریەوە هەیە، بۆچی بەیەکەوە هێنراونەتە گۆڕ؟**

**کاکەلاو تەحسین:** ئەم باسکردنە لە ئەنجامی نەخوێندوارییە، چونکە باسکردنی دەستور و یەکریزی وەک باسکردنی ڕەش و سپیە بەیەکەوە. خۆی لێرەوە ئەبێت لەو دروشمەوە تێبگەین کە بۆچی نابین بە خاوەن دەستور، دەستور لە بنەمادا دادەنرێت بۆ رێکخستنی جیاوازییەکان، نەک بۆ یەکخستنی جیاوازیەکان؟ بە واتایەکی تر دەستور جیاوازی رێک دەخات یەکی ناخات، ئەوان هاتوون کۆنفرانسی دەستور دەکەن لەژێر دروشمی یەکریزی؛ من دەپرسم یەک ریزی چییە؟ ئەگەر فرەییە ئەوە نابێت بە خراپ سەیری بکەین، چونکە بنەمای دیموکراسی و ململانێی شارستانییە. ئەگەر یەک هەڵوێستیە بەرامبەر دوژمن و نەبوونە بە پیاوی دوژمن؟ ئەوە ئەرکتان ئەوەیە یەک هەلوێست بن بەرامبەر دوژمن، بەڵام کە ئەو داوایە ئەکەن واتە ئێوە وا نین! بۆیە خۆتان ئەیسەلمێنن جاش و نۆکەری داگیرکەرانن و داوای تۆبە و یەک ریزی دەکەن. ئەصلەن ئەو هێزانە بەلای منەوە زۆر یەک ریزن چونکە یەک ریزن بۆ نەبوون بەخاوەن دەستور، بێلایەن نەبوونی حکومەت، بێ هەیبەتی پەرلەمان، لاوازی دادگا، گەندەڵی ...دواجار پاراستنی ئەو شێوازەی حوکمڕانیە.

**بۆپێشەوە: هێنانە پێشەوەی دەستور ئامانج لێی نوسینەوەی دەستورە لە پێناو هێنانەکایەی حوکمڕانیەکی باشتر بۆ هاوڵاتیان یان بۆ پێویستی و بەرژەوەندی حیزبی و کەسیە؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بە دلنیاییەوە بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەتە. تۆ سەیر بکە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٢ ئەیتوانی ببێت بە خاوەن دەستوری ناسراوی یەک لایەنە، و ئەم دەستورەی دەکرد بە بنەمای هەر رێکەوتنێک لەگەڵ حکومەتی ناوەند، یان دەیکرد بە بنەمایەک بۆ بەشداری لە حکومەتی نوێی دوای ڕووخانی صەدام، بەڵام نەیانکرد! بەتایبەت پارتی بۆچی؟ چونکە بەرژەوەندی حزبیان دەکەوتە مەترسیەوە. دواتر لە دەستوری عێراق لە مادە ١٢٠ ماف درا بە هەرێم دەستوری هەبێت، کەچی ئێمە زۆرجار دەڵێین عێراق مافە دەستوریەکانی هەرێم جێبەجێ ناکات، کەچی ئەو مافە تەنها بە خۆمان جێبەجێ دەکرێت کە پێمان دراوە، کەچی جێبەجێی ناکەین! وردتر بڵێم ساڵی ٢٠٠٥ پڕۆژەکە نوسرایەوە ئیسلامیەکان دژی بوون، دواتر مادەی ئاینیان بۆ زیاد کردن بۆ بەرژەوەندی حیزبی ڕازی بوون و دەنگیان پێدا، بەڵام نەیان خستە راپرسی تا ٢٠٠٩ بزوتنەوەی گۆران دروست بوو یەکێتی و پارتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان و گۆرانیش بۆ بەرژەوەندی سیاسی دژی وەستانەوە و دواخرا. لە ٢٠١٣ نەوشێروان مستەفا سەری زمان و بنی زمانی گەڕانەوەی پرۆژەی دەستور بوو، لە مانگی ٦ی٢٠١٣ دەستور گەڕایەوە پەرلەمان، لە ٢٠١٤ گۆڕان سەرۆکایەتی پەرلەمانی وەرگرت کە دەبوو بە گوێرەی یاسای ٣٠ حوزەیران لە یەکەم مانگ کار لەسەر دەستور بکات. کەچی کاتێک مسعود بارزانی تەنها ٣ مانگی مابوو پرسی دەستوریان هێنایە ناو پەرلەمان و نەوشێروان مستەفا گوتی دەستور هەر پێویست نییە هەبێت و کار لەسەر یاسای سەرۆکایەتی بکەن. ئەمڕۆش کە پارتی زۆرینەی پەرلەمانیە؛ دیسان ئەو پرسەیان بۆ فشارە و سەفەقەی سیاسی هێناوەتەوە بەر باس. ئیتر ئێمە لە دوای ٣٠ ساڵ نەمانتوانی بێت دەستورێک بۆ خزمەتی گەل دابنێین؟ تۆ ناڵێیت ئەمرۆ کە لە هەموکات زیاتر بەرەو تۆتالیتاری دەچن دەستور دابنێن گەر بۆ خزمەتی خۆیان نەبێت؟

## درێژەی...بەڕێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازی کۆتایی بەدەسەڵاتی شەقاوەکان دێت

بەردەوام کڕنۆش بۆ سەرکردەی شەقاوەکانی کۆمەڵگە بەرن. هەربۆیەشە کە ژیانێکی ئاساییان لێزەوت دەکەن کە ڕێگە دەگرن لەبیرکردنەوەی ئازادییان و ڕەخنەگرتن لەهۆکاری بوونی ئازاری ڕۆژانەیان و تا ئەو ڕادەیەی مومکینە دەی چەوسێنێتەوە و سەرکوتیان دەکەن. هەر وەک پێشتر گوتم کاریگەری ڕیکلام و پڕوپاگەندەی دەسەڵاتی شەقاوەکانی هاوکات بەشێکی زۆر لەڕۆشنبیرو نووسەر وڕۆژنامەنووسی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە کە بە بەرهەمی نووسین و قسەکانیان بەناوی ئەکادیمی و شارەزا و پسپۆڕییەوە بە ئاشکرا ئاسۆ و ئاڕاستەی بەرەنگاری لە گەنج دادەماڵێت، ماوەیەک ڕەخنە لەدەسەڵات دەگرن و بەحیسابی خۆیان ئازادیخوازو ڕۆشنبیرن دواتر بەشان وباڵی بەشەکانی دەسەڵات هەڵدەدەن یان بەناوی یەکبوون ویەکگرتوویی کوردەوە پاساو بۆ سەرکوت و چەوسانەوەکانی دەسەڵات دەهێنەوە، یان لەهەمووی وێرانتر دێن باسی گرینگی وبایەخی چاکسازی لەدەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو شەقوەشێنەکانی کۆمەڵگە دەکەن، هەر ئەو بەناو نووسەرو شاعیرو ڕۆشنبیرانەش پێشبڕکێیانە لەسەرئەوەی وتارو شیعرو چیرۆکەکانیان لە گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی دەسەڵاتی ملهوڕدا بڵاوبکەنەوە لەپێناوی دەستخۆشی و پارەپێدانێکدا. بەڕاستی خۆڵکردنە چاوی گەنجان و لاوان و خەڵکی ناڕازی گەمژەیی ئەو بەناو ڕۆشنبیرو شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەووس وسیاسییانە دەردەخات، چونکە دەیانەوێت خەڵک چەواشەبکەن لەلایەک لەناو گەنجان و خەڵکی ناڕازی ڕەخنە لەدەسەڵاتی شەق وەشێن و شەقاوەکان دەگرن لەلایەکی تریش ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات بەنووسین و قسەکانیان دەڕازێننەوە. درۆکردن و فریودانی خەڵکی هەژارو کرێکارو گەنجان و ژنان تاوانە هەروەک تاوانەکانی دەسەڵاتی چەوسێنەر. ئاخر بەم جۆرە ئەنجامی بەو جۆرەیە کەدەبیندرێت کە گەنجان و تەواوی مرۆڤە ناڕازییەکان ئاراستەی تا دوا سنور پاسیڤ و خەمۆکی دەکات، و دواجار دەیکات بە عارفێکی ڕۆمانتیک کە هەموو خەونی دەبێتە خۆخواردنەوە و خۆبەنەفرەتکردن و بێز لە خۆبوونەوە و نامۆبوون هەر بۆیەشە زۆر لەگەنجان ولاوان، زۆرێک لەژنان وکچان پەنا بۆ خۆکوشتن وخۆسووتاندن دەبەن یان وڵات بەجێ دەهێڵن بەرەو ئەوروپا وێڕایی هەبوونی مەترسی گیان لەدەستدانیان و تووشی چەندەها گرفت وکێشەی جۆراو جۆر دەبنەوە. ئەزیزانم پێوستە ڕێگا ڕاست و دروستەکە بگرینە بەر هەموومان کەناڕازین لەچەوسانەوەوبێ مافییەکان. کۆمەڵگە پێویستە بەیەکەوە لەیەک سەنگەری تێکۆشانی ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانەدا بین دژ بەسیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو ملهوڕی شەقوەشێن و شەقاوەکان. ئیتر بەسە پەرتەوازەیی پێویستە هێزی ڕێکخراوەییمان بنیات بنێن بیکەینە بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری لەگەڵ هەر جوڵ وهەنگاوێکدا گۆڕانکاری کرداری بکات. با هەروەک مارکس شۆڕشگێڕ بین بۆڕزگاری چەوساوەکان و هەژارەکانی کۆمەڵگە. با هەریەکەمان ڕابەرێک بین بۆ ڕزگاری لەچەوسانەوە و و ڕاگرتنی وێرانکردنی کۆمەڵگەو بەدەست چەوسانەوە و داگیرکاری وملهوڕییەکانی شەق وەشێن و شەقاوەکان و ئاغاکانیان. هەموومان هاوشێوەی لینین تێکۆشان بکەین وەک ڕابەرێک گەشە بە شۆڕشی ڕزگاری چەوساوەکان بدەین. هەتا وەکو کۆمەڵگەیەکی باشترو نوێتر دروسبکەین، لەو کۆمەڵگەیەدا هەمووومان زۆر بەئاسانی و وەکو هەرمافێکی سادە دەستمان بگات بە نان، کار، ئازادی و ژیانێکی خۆشگوزەرانی دوور لەچەوسانەوە.

**قانعی شاعیر دەڵێت :**

**با هەموو جوتیارو پاڵە و ڕەنجبەران**
**یەکگرن تا دەبنە هێزو پشتیوان**
**هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی**
**بێ جیاوازی لەسەر ڕەمز و نیشان**
**هەڵگرن پاچ و چەک وبێڵ و قەڵەم**
**هەر لەڕۆشنبیر هەتا شوان و سەپان**
**هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە**
**دابڕێژن کۆشکی یەکسانی ژییان.**

ئەبێت ڕۆژێک ئەم هێزە یەک بخرێت و بخرێتە سەنگەرە ڕاست و دروستەکەی خۆیەوە کە هیچ هێزێک نەتوانێت پاشەکشەی پێبکات هەتا ئەو کاتە دەسەڵاتی خەڵک لەڕێگای شوراکانی خەڵک خۆیەوە دادەمەزرێنێت. جیهانی ئێستا بەرەو وشیاربوونەوەی چینایەتی دەڕوات، بەردەوام تارمایی هەوری شۆڕش و ڕاپەرینی خەڵکی چەوساوە بەئاسامانی دەسەڵاتی شەقاوەکان و شەق وەشێنەکان دێت و دەچێت هاکە لەپڕ ولەناکاو لەوڵات و کۆمەڵگەیەک کردییە زریان و گەردەلولی ڕاپەرینی خەڵکی چەوساوە...

## درێژەی دوا وتە

واقعیەتەدا بکات و لەوەش زیاتر وایان لێبکات گوشارەکانیان لەسەر تورکیا کەم بکەنەوەو ڕۆڵی بەفەرمی بناسن.

هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و پەکەکە، تەنها دەتوانرێت لەچوارچێوەی ئەو تەماحە فراوانەی تورکیادا، لێک بدرێتەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

هیچ خوێندنەوەو لێکدانەوەیەک لەوە پوچتر نییە، هێرشی دەوڵەتی تورکیا تەنها بۆسەر هەرێمی کوردستان و بوونی هێزەکانی پەکەکە. تەماشا بکرێت. بوونی هێزی سەربازی پەکەکە لە سنورەکان و لە قەندیل، زۆر لەحزور و ئامادەیی سیاسی و جەماوەری پەکەکە لەناوخۆی تورکیادا کەمترە. پەکەکە بە خۆبەستنەوەی بە کیشەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە کە دەوڵەتی تورکیا سەرچاوەی خولقاندن و مایەی ستەمێکی نەتەوەیی کەم وێنەی ناوچەکەیە لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، توانیویەتی وەکو هێزێکی سیاسی قابیلی حاشاهەڵنەگر پایەی خۆی دابکوتێت و دەوڵەت و لایەنە سیاسیەکانی ناوچەکەش ناچار بکات، بوونی بەرەسمی بناسن.

بە تیرۆریست ناساندنی پەکەکە، زۆر لەوە پوچترە بتوانێت ڕۆڵی پەکەکە لە پەیوەند بەکێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە، کەم ڕەنگ بکاتەوە. بەتایبەتیش کە تیرۆریزمی دەوڵەتی تورکیا، پێویستی بەهیچ بەڵگە هێنانەوەیەک ناکات. تورکیا نموونەی یەکێک لە دڕندەترین ڕژێمەکانی دنیای ئەمڕۆیە، ئەلگۆیەکی بێ وێنەی دژە ئازادی و مافەکانی ئینسانە. ئەوەی وای کردووە کە پەکەکە ببێتە هێزێکی ئینکار نەکراو لەناو تورکیا و ناوچەکە، دڕندەیی ڕژێمی فاشیستی توکیایە. تا ئەو کاتەش چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا نەکرێت، یان هێزێکی واقعی و پێشکەوتنخواز و چەپ بۆ چارسەری کێشەی کورد لە تورکیادا سەر هەڵنەدات، پەکەکە دەتوانێت بمێنێتەوەو تێکشکاندنیشی لە مەحاڵ مەحاڵ ترە. دەتوانرێت پەکەکە بخرێتە ژێر گوشارێکی سەربازی زۆرەوە. دەتوانرێت لەچەندین ناوچە هەڵبکەنرێن و زەرەرو زیانی سەربازی زۆریان لێ بدرێت و سنورەکانی چالاکی سەربازیان زۆر بەرتەسک بکرێتەوە. دەتوانرێت لەرێگای توانایی سەربازییەوە سەرکردەکانی تیرۆر و کوشتار بکرێن، بەڵام پەکەکە لە ناوخۆی تورکیادا سەرباری هەموو ئەو هیرش و سەرکوتەی بەردەوامەی دەوڵەتی تورکیا، بە گرتن و ڕەوەدونان و لە سێدارەدان و ترساندن، بەهۆی ستەمی نەتەوایەتی دەوڵەتی تورکیاوە لەدەیان فۆرم و شێوەی تردا دەمێنێتەوە، و بەردەوام حزوری خۆی ئابدەیت دەکاتەوە، بۆیە لەشکرکێشی سەربازی ناتوانیت پەکەکە لەناو ببات.

تورکیا بۆ جێبەجێکردنی تەماحەکانی خۆی لە کوردستانی عیراقدا، هەموو هەوڵی خۆی دەدات تا کەڵک لە پارتی وەکو گوێ لەمستی خۆی بەوێنەی هێزیکی نەیاری پەکەکە، وەربگرێت و بەگژ یەکتریاندا بکات. بەڵام پارتی چەندە هەوڵ بدات رای گشتی لەدژی پەکەکە هەڵبخرێنیت، بەڵام ناتوانێت بچێتە شەڕێکی سەراسەری لەگەڵ پەکەکە. شەڕی سەراسەری لەنێوان پەکەکەو پارتیدا لە ئێستادا زۆر لە توانایی هەردوولا گەورەترەو ئەمان دەرەقەتی نایەن، بەجیا لەوەش شەری سەراسەری لە دژی پەکەکە چ ڕاستەوخۆ یان بە نیابەتی و بەوەکالەت، بەر لەهەموو شت توانایی باڵانسی هێزی پارتی لەناو هەرێمدا بەرەو لاوازی دەبات و دەستی دەوڵەتی عیراقیش لەچوارچێوەی دەست کورتکردنەوەی پێگەی پارتی و بزوتنەوەی کوردایەتی بەهێز دەکات.

هەوڵی عێراق بۆ هێنانی سوپا بۆ سنورەکان، لە ژێر ناوی پاراستنی سەروەری عێراق و سنورەکان و بەرگرتن بە جموجۆڵی پەکەکەو هێرشی دەوڵەتی تورکیا، دەستی پارتی و بزوتنەوەی کوردایەتی کورتر دەکاتەوە، کە تورکیا خوازیاریەتی. توکیا بە بەپێی ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ئەو مافەی بەخۆی دەدات بە درێژایی ٢٠ کیلۆمەتر بێتە ناو هەرێمی کورستانەوە و بۆ ئۆپەراسیۆنی کورتماوەش تا ٣٥ کیلۆمەتر دەتوانێت لەشکرکێشی بکات. ئەوە بەجیا لەوەی تورکیا دەیان بنکەی سەربازی نەک لەسنورەکان بەڵکو لە قوڵایی کوردستاندا بەتایبەتیش لە زۆنی زەردا، جێگیر کردووە، هاوکات لە ڕیگای فرۆکەی بێ فڕۆکەوان، یان لە ڕێگای چاوساغی پارتی و یەکێتیەوە کادرانی پەکەکە دەکاتە نیشانە.

بەرگرتن بە لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا پێویستی بەهاتنە مەیدانی بەرەی سێهەمە، پێویستی بە ئامادەیی جەماوەری و بەرەی خەڵکی ئازادیخوازە. پێویستی بەهاوخەباتی خەڵکی ئازادیخوازی تورکیایە لەگەڵ خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا، بەدژی ڕژێمی سەرکوتگەر و دژە ئازادی تورکیا، پێویستی بە بەرینکردنەوەی خەباتی جەماوەرییە لەڕێگای خۆپێشاندانی فراوان و سەراسەیەوە بۆ گوشار خستنە سەر کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ ناچارکردنی تورکیا بۆ دەستهەڵگرتن لە لەشکرکێشی و دەستێوردانەکانی لە هەرێم و تەواوی ناوچەکەدا.

**ناوەڕاستی یولی ٢٠٢١**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاریز محەمەدی،مەهدی ڕەسوڵ، سەردار عەبدوڵا، ئاراس ڕەشید، عبدالرحمن ڕەسوڵ، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،خالید بایەزیدی،رامیار ڕەزایی، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، حەکیم میرزا...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"پرسی دەستور"

# سەعات کاری زۆری ڕۆژانە دەبێتە هۆی مردنی کرێکاران!



بەپێی لێکۆڵینەوەکی هاوبەش کە ئەنجام دراوە لەلایەن دوو ڕێکخراوی جیهانی :- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی جیهانی کار، ڕایانگەیاندووە کە لەساڵی ٢٠١٦ دا نزیکەی ٧٤٥٠٠٠ هەزار کرێکار بەهۆی سەعاتکاری زۆرەوە گیانیان لەدەست داوە لە جیهاندا .

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەسەر سەدەها هەزار کرێکار ئەنجام دراوە بەم شێوەیەیە- :

٣٩٨٠٠٠ هەزار کرێکار بە جەڵتەی دەماغ گیانیان لەدەست داوە .


٣٤٧٠٠٠ هەزار کرێکار بە جەڵتەی دڵ و کێشەکانی دڵەوە گیانیان لەدەست داوە..

هۆکاری سەرەکی گیان لەدەستدانی ئەم کرێکارانە سەعات کاری زۆری ڕۆژانە بووە! لەجیاتی ئەوەی کە ٣٥ سەعات کار لە هەفتەیەکدا ئەنجام بدەن، بەڵام سەعات کاریان گەیشتۆتە ٤٠ هەتا ٥٥ سەعات کار لە هەفتەیەک دا, ئەم ڕێژەی مردنە لە ساڵی ٢٠٠٠ وە هەر لە بەرزبونەوەدایە بە ڕێژەی لە ٢٩%.

زۆربەی زۆری ئەم قوربانیانە تەمەنیان لە نێوان ٦٠ بۆ ٧٩ ساڵیدا بوون کە لەتەمەنی ٤٧ ساڵییەوە بەم سەعات کارە زۆرانە کاریان کردووە لە ناوچەکانی پاسیفیکی غەربی و خوارووی ڕوژهەڵاتی ئاسیا بوون .

لە جیهاندا نزیکەی لە ٩% کرێکاران بەم شێوەیە کار دەکەن کە دەکاتە (٥٠٠) ملیۆن کرێکاری پیاو و ژن، کە ل لە ١١،٧% لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیان و لە ٣،٥% لە وڵاتانی ئەوروپادان.

ئامادەکردنی: ئاوات سور





بەرهەمی تازەی هونەرمەندی کاریکاتێریست سەردار عەبدوڵا

## دوا وتە

# ئامانج لە دەستێوردان و هێرشەکانی تورکیا چییە؟

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

هێرش و ملهوریَ دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بەردەوامە. پاساوەکانی ئەم لەشکرکێشی و هێرشانە بوونی پەکەکەو پاراستنی ئەمنیەتی تورکیایە، بەڵام بەیان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی تورکیا و بەرپرسەکانی پوچی ئەم پاساوانە دەخاتە ڕوو.



دەستێوەردانی تورکیا لە تەواوی ناوچەکە و لەزۆرێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا دەگاتە هێرشی بەردەوام بۆسەر هەرێمی کوردستان، کەمترین پەیوەندی بەبوونی بە پەکەکەوە هەیە. تورکیا جەنگی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا دەکات، دەیەوێت لە بۆشایی سیاسی ناوچەکە، لە ئەزمەو گرفتەکانی وڵاتانی دەوروبەر، لە کەمبوونەوەی رۆڵی ئەمریکادا، وە بەکەڵک وەرگرتن لە ململانێی بلۆک بەندیەکانی دنیا، بەتایبەتی نێوان روسیا و ئەمریکا... ئەسپی خۆی تاو بدات و باڵادەستی خۆی بەسەر ناوچەکەدا جێگیر بکات. لەو راستایەدا دەستبردن بۆ تێکدانی سنورەکان و داگیرکاری لەرێگای هێزی سەربازییەوە ئەگەرێکی واقعییە. خەون بینین بە زیندوکردنەوەی پانتایی دەسەڵاتی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ویستێکی ئاشکراو راگەیەنراوی تورکیایە و دەیەوێت هەنگاو بەهەنگاو بەدوای ئەو خەونەیەوە بچێت. دەستێوەردانی تورکیا لە لیبیاوە بۆ ئازەربایجان، لە ئەرمینیاوە بۆ یۆنان، لە قەتەرەوە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و تا دەگاتە سوریا.. هەموویان نیشانەی ئەو تەماحەی تورکیا دەخەنە ڕوو کە دەیەوێت وەکو قوتبێکی بێ رکەبەر، باڵادەست و بڕیاردەر لەناوچەکەدا جێگیر بێت و دنیاو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش ئەو رۆڵەی بۆ فەرمی بناسن.

تورکیا خوازیارە چۆن رۆڵی ئێران وەکو قوتبێکی ناوچەیی لە یەمەن و فەلەستین، لەسوریا و عێراق... بۆتە واقعیەتیکی جێکەوتوو، ئاواش ئەو دەیەوێت هەمان رۆڵی بۆ بەرەسمی بناسرێت، تا لەوڕێگایەوە لەلایەکەوە قودرەت نمایی نیشانی ئێران بدات و بەشی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپچرێت. لەلایەکی تریشەوە سەرنجی رای گشتی تورکیا لەسەر ئەزمە یەخەگیرەکانی بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی سنورەکانی تورکیا... هاوکات تورکیا دەیەوێت بلۆکە جیهانیەکان ناچار بە مامەڵە لەگەڵ ئەو

بۆ لاپەڕە 12